## حەكیم دیبەگەیی

# بەركوڵێك پێناسە

www.kurdistannet.org

له هەگبەی قەڵاتێك تەمەندا، گرێی بوخچەیەك دەكەمەوە، كۆت لەئەستۆی برێك سەربردەی پەشمەدار دادەڕنم! شەپۆلێك وڕێنە دوكم[*] م دەكەنێ، تا ڕەوێك بیرەوەری بزمووكراو[**]، بەگۆڕێ وەركەم، بۆ گرێدانەوەی لفكی تەوەرەكان، سێرە لەدوند دەگرم، تا پاچڤەكە لەئاوێنەیەكی بێ تەڵخ گوزارشت لەقۆناغەكان بكات، كە تا چەمكەكان بابەتیانە ئاوێزانی دەقی ڕووداوەكان بن، بەمۆركێكی ریالیستیانە هەڵوێستەكان، هەنگاوەكان، گۆڕانە جیاجیاكان لەدەڤەری پەیڤەكان ڕەنگ بدەنەوە.

كە بەمەش سوخەت و خەسڵەتەكانی _ تاك و كۆمەڵ، چین و توێژەكان، خوو دابی ناوچەكان بەپێوەری زانستیانە دەپێورێن، ئاكارەكانیش دەناسرێنەوە! دەمەوێ بەسەنگی مەحەك خۆم لەقەرەی رۆژگارێك بدەم، كەخۆم راستەوخۆ پەل وپۆم بە ئاقارەكەیدا پەرت كردووە. ئاشناكردنی ئەم هەموو كێشەو بێشە چڕژاوە، هەوەنتەو ئاسان نییە بۆ ئەو روناكبیرە ئەكادیمیانەی كە هەر بە فەرهەنگی تیۆری ئاشنان بە كلتووری كۆمەڵگای كوردەواریی. جا با من لێرەوە دەست پێبكەم. یەغبار[***] لەگوندەوە فڕاندمی بۆ دوند، میلی هێری پیرە قەدەر واهات پیرە ساڵی **1968** لە ئاوزینگدان دابوو، بە پیشە لێكتر دوور بەڵام كات و شوێنێكی لەبار پێكتری ناساندین، هۆكارەكان كۆیان كردینەوە، گەلێك بارودۆخ

---

[*] دوكمم: پەلاماردان – دوكمم دەكەنێ، پەلامارم دەدەن، شاڵاوم بۆ دێنن.

[**] بزمووك: دارێكی خۆشكراوە لە شێوەی – تیرۆك – یەڵام باریكترو كورتتر پڕ بە دەمی كارۆڵە. هەر دوو سەری بە – خرێنە موو، یان بەنێك دەبەسترێتەوە. ئەمە كاتێك بەكار دەهێنرێ كە بزنە زاكە كارۆڵەكەی گەورە دەبێ و قۆچی دێ. تا لەگەڵ ژەنینی قووملێدان بە قۆچەكانی بن سكی دایكی ئازار نەدات و بۆ ئەوەی نەتوانێ چییتر دایكی ئازار نەدات و بۆ ئەوەی چیتر نەتوانێ دایكی بمژێ ئەم بزمووەكەی دەخرێتە دەمی و بە سەرییەوە دەبەسترێتەوە، وە بۆ ئەوەش تا گوانەكان بەشە شیری ماخۆ = خاوەن، بهێڵنەوە.

[***] یەغبار: شەنس، بەخت، زاراوەیەكی دەشتی هەولێرە.

هەن کەلووی هاوتەریب دەگەیننەوە یەکتری دەنا ئەو لەوپەڕی دوندی تەمەندا بوو، من لەپێگەی یەکەمی هەڕەت، ئەو لەژێر کۆڵێك ئەزموونداِ لاکەی لێوە دەهات، من وەك فیشەکە شێتە باکی هیچم نەبوو، ئەو پاڵتە**** ی رۆژگار ئەنجنی بووی ، من دەم و چاوم وەك زەوی خێلۆك هێشتا تووکە حەرامەی پێوە مابوو، بەپێچەوانەی ئەو هەموو جیاوازییە تۆوی یەکترناسینمان چەکەرەیدا، پنجی کرد، بەری دۆستایەتی هێنا، کە لێکیش دوور کەوتینەوە، رەفتارمان بە دیاردە باوەکە نەکرد تەقەی پاشملە لێکتری بکەین.

لەجیاتی (حەفت بەردان بەدوای یەکتریدا باوێین!!) لەیادەوەرییەکاندا عەترمان بەسیمای یەکتریدا دەپژاند، یادت بەخێر مام رەمەزان بارزانی .

ئاوریشمی خۆرێکی نوێ، خۆی لەسەرو پۆتەڵاکم هەڵسوو، دەرگای جیهانێکی نوێم لێکرایەوە، بەخوێندنەوەی ئەو گوتارەی کە لەهۆڵی ( گەلاڵە) م خوێندەوە لەئاهەنگی دەرچوونمان لەدەورەی دووەمی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی **1969** کە پاشان ناوەکەم لە (خەبات) ی ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتەخوارێ، ئەمە سەرمی گەیاندە کەشکەلانی فەلەك چونکە ئەو کاتە منی مێرمناڵ خەونەکانم هێشتا سنووری گوندەکەی خۆمانم نەبەزاندبوو، ئەم گۆڕانە کت و پڕە پڕشنگێکی تری دامێ، کرام بە (مامۆستا) بەڵام بەسواڵ نا، من هەینێ جگە لە خوێندەوارێکی باش، لەشیعر نووسینیشدا لە قەپێلکێ دەرهاتبووم، لەبەر ئەم هۆیە بوو.

رەفیق چالاکی مەزن کە ئەوکات سەرپەرشتی کەناڵی رادیۆکەی پارتی دەکردو مامۆستای دەورەکەشمان بوو، پتر لەبارستایی خۆم رێزی دەگرتم، یەکێ لە شیعرەکانمی بەناوی (هۆ شێخ مەحموود) کردبوو بەوێردی سەر زوبانی و کە مردیش دوو دەفتەر شیعری پڕی منی لابوو دوای خۆی زۆر محاوەلەم کرد بەدەستم نەکەوتنەوە ... پرۆفیسۆری ناودێر جەرجیس فەتحوڵڵا کە مامۆستای دەورەکەمان بوو بایەخی زۆری پێدەدام هەر بۆیە دوای بەیانی **11**ی ئازاری **1970** رۆژێ هات بەدوامدا فەرمووی :( عبدالواحد لف یتاغك!)

www.kurdistannet.org

---

**** پاڵتە: جاران لە پێشی دروستکردن و هاتنی – دەراسە – لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی لەدەشتی هەولێر – گەنم و جۆ – دوای دروێنەیان لە شوێنێکی لاچەپی دێ = گوند– کۆدەکرانەوە پێی دەگوترا – جۆخین– = ئەو جۆخینانە بەجۆرە ئالەتێك دەکوترانەوە پێی دەگوترا – جەنجەڕ کە هەر لە شارەکانی کوردستان دروست دەکران. ئەم جەنجەڕە لە ژێرەوەی دارێکی لوولی بازنەیی بۆ خۆشکرابوو، ئەم دارە چنرابوو بەچەندان لەتە ئاسنی پانی دەم تیژ، لە ولاغ رادەکێشراو گێرەی پێدەکرا، قرشەکەی دەکوتایەوە تا دانەکەو کاکەی لێك جیادەکردەوە. بەم لەتە ئاسنانە دەگوترا پاڵتە.

گوتم بۆ؟

فەرمووی: دەتبەم بۆ بەغدا، لەگەڵ خۆم دەبیت، چونکە دوای بەیانەکە بۆ یەکەم جار بارەگای پارتی بەئاشکرا کرایەوە لەبەغداو برایەتی لەوێ دەرچوو، مامۆستای ناوبراو دەست نیشان کرابوو بچێت سەرپەرشتی بکات.

گوتم: نایەم. زۆر تووڕە بوو. پاشان دۆستێکی دەورەکەم کە ناوی (لەتیف کەرکوکی) بوو، پێی زانی خۆی گەیاندمێ کە بەهەر نرخێ بێت ئەو بنێرم لەجیاتی خۆم. منیش چوومە لای مامۆستاو پاکانەم بۆ کرد. کە زانی من ناچم، رازی بوو لەسەر بردنی هەڤاڵەکەم. پاشان دامێنی ئەو دۆستەم وەچنگ نەدەکەوتەوەو ئەگەر تووشی بام سووقی * دەکردمەوە، منیش درەنگ هەستم بە کورت بینیی و دەم چەفتیی خۆم کرد. بەجێمان لەکاروانێك کە خۆت سەرقافڵەی بیت هەناو داخکردنە. راستە من مندالە هەژارێکی چاو نەکراوە بووم، هێشتا جاددەی قیرم نەدیتبوو، لەجیاتی فێری شارستانییەت پسپۆڕیم وەچنگ هێنابوو لەچوارچێوەی گوندەکەی خۆمان، تاقیسی بارەی مەرو حەپەی سەگەکان و نرکەی کۆخەی پیرو دەنگی بەلۆرەی کچکانی دێم دەناسینەوە. گوند نشین هەمیشە دەبێتە پسپۆڕی فەرهەنگی گوند پێچەوانەی ئەوانەی پەروەردەی شارن.

کە دەرفەتم بۆ رەخسا هێزی داهێنانەکانی ناخەوەم وەرچەرخانێکی هێنا پێشەوە، بروسك ئاسا خێرا ناسرام، بەڵام ناسینەکەم لەو زەمینە رەخساوەدا پاچڤە نەکرد بەسەر کەناڵەکانی پێشمەرگەو جەماوەردا، دەنا هەڵمدبریواند ... هەبوون لەئاستێکی گەلێ نزمتریش بوون کەچی بەگەلێ سەر خۆیان ناساند!! خۆیان رەپێش دەکرد!! کەلکیان لە پاسەکان وەردەگرت، دیارە لەبەر دەم چەفتی من ئەو زمانەم نەدەزانی!! بەنازناوی (بێخەم) خۆم ناساندبوو، لەبەرگی دووەمی کەشکۆڵەکەی مامۆستا (گیوی موکریانی) هەر بەم نازناوە دوو کورتە شیعری ئەو سەردەم و برێ لە خەرمانی ژیانم بلاوکراوەتەوە، دیارە ئەمەش دەقاودەق گوزارشتی لەهەڵس و کەوتەکانی ئەو قۆناغەمی دەکرد. ئێستاش هەر بەخۆم دادەگرێمەوە

* سووق کردنەوە : جاران لە گوندان ئەگەر منالێ گۆلمێ سماقی لەماڵەوە دەست کەوتایە، جا بیدزیبا، یان دایکی بیدایێ، دەهاتە ناو منالان و دوور بە دووری چەند قلێکی لێ دەخستە زاری و هەڵیدەمژت، بەمەش دەمی لیکی دەکرد. منالەکانیش بەم نومایشکردنە= =دەمیان لیکی دەکردو بەشی کەسیشی لێ نەدەدا. یان ئەگەر باوکێ شتێکی نوێی بۆ کوڕەکەی بهێنایە، پێی دەهاتە نێو نالان و سووقی پێدەکردنەوە.

تا سەرەچێلکی ئەو نهێنیانە رامکەم، کە خۆشم بەراورد پێدەکەم لەگەڵ هاوکوف** ەکانم، هەندێکیان ئەگەرچی توانای روناکبیرییان نزمەو (قەزم) یش لە سیاسەتی فەرهەنگیی، بەڵام بۆیان لوواوە، خەڵکێك لێیان دەئاڵێ و کراون بە (مام مۆتك) ی هەندێك بوار، هەن بۆ خودی خۆیان کاردەکەن، بەڵام جەماوەری بێئاگا بە شۆڕشگێڕیان دادەنێت.

لەمێژە ئەو شتانە لەمێشکمدا تەراتێن دەکەن، بەڵام کەژێرخانی (عەقڵ_ فیکر_ بیر) رفابێ دیارە خەڵك بێ ئاگا دەبێ لەم دیاردە دزێوانە!! منی مێردمنداڵ کە (کەندێناوە)*** م جێهێشت و پاڵم وەکێواندا، لەبەرئەوەم نەبوو خۆم لەشوانی و جوتێری و شۆڵ رزگارکەم، یان ئەوە بکەم بەهەنجەت کە باوکم ژنم بۆ ناهێنێ کە ئەم دیاردەیە بەزەقی دیاربوو لەنێو شۆڕشی ئەیلول چونکە ئەو ژمارە زۆرە نە هەر هەمووی لەنێو ئاڵقەکانی رێکخستندا چووبوون و بگرە هەندێکی فڕی بەسەر کوردایەتیەوە نەبوو، بۆیە جارێك لەپێشمەرگەیەك پرسیار کرابوو: تۆ ئەندامی؟ گوتبووی: ئێوە تفەنگێکم بدەنێ ... هەزار ئەندامتان بۆ ....؟

بەڵام من جگە لەوەی لەنێو رێکخستنی نهێنیدا ئەندام بووم، بۆ پێشمەرگایەتیش چووبووم، بە بیروباوەڕ پێشمەرگە بووم، بیرەوەریەکانی گوندەکەی خۆمانم دەکردە هەوێنی تێکۆشان. بەزمیش ئەوەیە ئەو هەموو عیشقەو، لە گوند نەك هەر بستێ زەویمان نەبوو، ئاوخۆرەوەش نەبووین.

دۆ کە چ حسێبێکی بۆ ناکرێ لەگوندان، ئینجا دەبایە چاومان لەماڵە مەردارەکان بووایە بۆ قومێ دۆ، باوکم بە سەپانی و بیرلێدان ئێمەی سەرکەو بنکەی دەژیاند، ئاوەها تامەزرۆی و گوندەکەش ئاوەها بەربینگی گرتبووم و تێکەڵی خوێن و هەناسەم ببوو، تێوەرێخی لەبەر بڕیبووم ( ماڵ بەما خۆی نەچێ حەرامە) هەر لە گچکەیی وڕێنەکانی منیش لەو بازنەیە دەرنەدەچوو کە باوك پێیدا تێپەڕیبوو، چاوم لەوە بڕیبوو ئەگەر گەورە بم دەبم بە جوتیارێکی خەت راست و پاڵەیەکی بەوەج بەڵام وادیاربوو باوکم لەدوای کۆڵێك تەمەن خەوەکەی

** هاوکوف : هاوتەمەن– شێوە ئاخاوتنی دەشتی هەولێرە، ( ئاو قەران ) یشی پێ دەگوترێ.

*** کەندێناوە: ناوچەیەکی دەشتایی یە کەوتۆتە نێوان زوورگەزراو کە زنجیرە گردۆڵکەیەکی نزمە لە ناحیەی گوێرەوە رادەکشێ تا دەگاتە کەرکوك و تێدەپەڕێ. ئەمە باکوورەکەیەتی، لە باشووری کەندێناوە، چیای قەرەچووغەکە بە کەویی سپی و دڕ بەناوبانگە. خۆرهەڵاتی شاری دووبزە، خۆرئاوای ناحیەی گوێرە. کەندێناوە بریتییە لە 73 گوند. بەناوبانگترین گەنم هی کەندێناوایە. ژێر=
=خاکەکەشی بە گوێرەی تازەترین پشکنین، دەریاییێکی نەوتە. ئێستا پتر لە 300 بیری نەوتی لێیەو داخراوە لەبەر باری ناهەمواری ناوچەکە. تا ئێستا سێ جار کەندێناوە لەلایەن رژێمە عەرەبیەکانی عێراق چۆڵکراوە بەنیازی تەعریبکردنی.

www.kurdistannet.org

پێشووی زرشابوو، بۆیە لەگەڵ مەزەندەی من تێکی نەدەکردەوە. ئەو تازە پەشیمان ببۆوە کە چۆنی دۆڕاندووە، خەفەتی لە بێسەوادیی خۆی دەخوارد. دەردە کوردیش پرزەی لەباوکم بڕیبوو. لە ترسی ئاغا گوند نەبوو وەخۆی بگرێت جگە لەوەی لە دیبەگە* دەرپەڕێنرابوو، لە سایەی ئەو ئاغەیەش نەدەحەوایەوە ئەگەر دۆستایەتی و کارتێکردنی ئاغای پێشووی لەسەر بووایە!! بەر لە شۆڕشی **14**ی تەمموز بە فیتی ئاغا باوکم لەزیندانی کەرکووك حەپسکرابوو لەگەڵ ئەحمەد هەمەدین و هەندێکی تر کەهەینێ ئەوانە هەموو پێکەوە پارتایەتیان دەکرد ... ئەوکات باوکم دوکانی هەبوو لە دیبەگە، گوزەرانی باش بوو، من هەینێ دوو ساڵانی دەبووم، تازە وەسەر پێ کەوتبووم، ئاغا دوای گرتنی باوکم دوکانەکەی تاڵان کرد ....

ئەمرۆش وا (سیك) لەسمێڵان دەداو بەری شۆڕش دەخوات!!! پای لێنراوەتەوە!!! پێچەوانەی ئێمەیە.

باوکم ئەو بەکەتنی خۆی شك دەهات بۆیە تەوازۆو قوونگێری من نەیدەخوارد، منی لەبەر خوێندن دانا، پێی وابوو بەمە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، ئاغای تازە دێ پێی زانی، بەرۆکی باوکمی گرت، بەزۆر سەران بۆ باوکم دەهات، هەندێکی ئامۆژکاری و هەندێکی گەڤێکی پێچراوو ترسیشی دەدابەرێ: کوڕ بەتەنێ و کەندو لەندی رێگاو سەرماو باران، دەعباو دڕندە ... خۆ خوا یەغباری نەبردووی، تاقانەیەو ئەگەر خوانەخواستە ... بەڵام باوکم سەری نەهێنا بەرێ تەنها ئەو رستەیەی دەگوتەوە: ( وەك خۆم نایکەمە کورتانە عوشتر ...) منیش وەك بڵێی فێڵم لەمنداڵان دەکرد، پێموابوو هەڵیان دەفریوێنم.

پروپاگەندەی چاکم دەکردن، شتی پترم وەسەر شتە راستەکانەوە دەنا، هەموو رۆژێ لەمەکتەب شیری کوڵاوو قەسپمان دەدەنێ ... پارچە قوماشێکی فاسوونیشم وەرگرت و بەمنداڵانم پیشاندا ... لەراستیشدا ئەو کارەی من هاندەرێکی چاك بوو بۆ کووکە نانەوە لەماڵەکاندا ... منداڵەکان دەغەزرین و نەدەچوونە بەر کارو بەرخان ... دۆلاب*یان بۆ

www.kurdistannet.org

---

* مەڵبەندی هەر حەفتاو سێ گوندی کەندێناوایە. واتا ناحیەی دیبەگە.

[1] دۆلاب : لە کەندێناوەو هەموو ئەم ناوچانەی کە هیچ جۆرە ئاوێکی پێدا نارِوا، رەنگە لەم ناوچانە بە شێوەیەکی جیاوازو بەجۆرە ئامێرێکی تر ئاو هەڵبهێنجرێ. بەڵام لە دەشتی قەراج و کەندێناوەو دەوروبەری هەولێر، ئاو لە بیری قووڵ هەڵدەهێنجرێ، تۆپێك کندرِ واتا چەندان مەتر = باڵ، سەرێکی دەبەسترێتەوە بە — دەولك و شۆڕ دەکرێتەوە بۆ قووڵایی بیرەکەو، سەرەکەی تری لە — تەنگە — ی ولاغ بە تایبەتی گوێ درێژ — دەبەسترێتەوە. ئەبێ لێ ی خورِی تا مەودایيکی دیاری کراو بە گوێرەی قووڵی بیرەکە تا لەبەردەم بیرەکە دەولکە پڕ لە ئاوەکە دەگاتە دەستی

دایکیان نەدەکرد ... سەرپێچی کردن و شتە راستییەکانی من باوکەکانی لەخەوێکی گران واگاهێنا. ساڵی دووەم ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان هاتنە مەکتەب و ناونووس کران. من نەك هەر لە ترسی تەنهایی رزگارم بوو، ئێمە کەرمان نەبوو ئەوانیش سەرو کەرێکیان لەقاڵچە** ی مەکتەب دەبەستەوەو جۆرکی کایان وەسەر دەکردن تا دەوام تەواو دەبوو ئینجا لێی سوار دەبوون و تاوێ بە قۆشمەو تاوێ بە رەوهانی*** تا ماڵەوە.

من لێرە وەبەر نەدەکەوتم، بەنۆبەت هەر جارەو لەپشت یەکێ سوار دەبووم، بە زمانی ئیمڕۆ مێچکە میچکەو ماستاویان دەکرد تا فێری نووسین و خوێندنەوەیان بکەم، پاشان هەندێکیان گەیشتن بە مەرام .. بوونە مامۆستا کە دوا قۆناغی کوڕە هەژار هەر مامۆستایەتی بوو ئەویش لەبەر نەداری کەم کەس دەیتوانی بیگاتێ با زۆر زیرەکیش بایە، منداڵەکانی تر هەریەکەو بەئەندازەیەك فێری خوێندەواری بوون، کە چوومە پۆلی پێنجەم ئەحمەد رەشوانی مامۆستای کوردایەتی دامەزراندنی بەمەکتەبەکەی ئێمە دەستی پێکرد، بەپیشە مامۆستاو بە کردەوە ئەدیبێکی شۆڕشگێڕ، پێم وابوو بەتەنێ بۆ من هاتۆتە (عالا)* .. بووە مامۆستاو رێبەری سیاسی و ئەدەبیم، منیش بوومە پردی لێکگرێدانی لەگەڵ کادیری خەبات و تێکۆشان (محموو سەلمان) بەساوایی ئەرکی تەتەریم خرایە ئەستۆ، هەینێ کادیر جگە لەوەی لەژماردنی پەنجە تێنەدەپەڕین وەك تریاکیش یاساغ بوون ... هەر بەقاچاغیش کارەکانیان ئەنجام دەدا، بە رۆژ خۆشاردنەوەو بە شەویش هاوین با یان رەهێڵەی زستان، یا سەرما با یان سەهۆڵ بەندان بە - رێچکۆ لەو کوێرە رێدا گونداو گوندیان دەکرد، بە سیپاڵی جۆراوجۆر، دەخولانەوە جەلەب کڕ یان تووتن فرۆشی، یەکێ لەو مکۆیانەی کە کادیری لێ دەشادرایەوە، ماڵەکەی ئێمە بوو، باوکم بە دوو سەرە کەوتبۆوە سەر پێ، لە لایێ پیشەی پێشووی واز لێهێنابوو، عەتاری دەکرد، ئەوەندە بەرەواج کەوتبوو جگە لەوەی لەزۆربەی خەڵکی گوند دەوڵەمەندتر بووین. ئاغاش ئاوڕی رێزلێنانی لێدابۆوە، دیار بوو

www.kurdistannet.org

---

ئەو کەسەی کە بۆ ئەم مەبەستە راوەستاوە. ئەمە بابەتێکی سەربەخۆیەو زۆرتری دەوێ بۆ ساغکردنەوەو لەسەر نووسینی بەڵام بەهیوام بەم — چەنگە رنەیە — خوێنەرەکانی کلتووری کوردیی کەمێکی لێ حاڵی بن.

11 قاڵچە : قوژبن یان سووچی دەرەوەی دیوار.

111 قۆشمەو رەوهانی : دوو جۆر رۆیشتنن تایبەتە بە وڵاغ، واتا جۆرێك لە غاردان و خۆش رۆیشتن.

**** عالا : ناوی گوندێکی کەندێناوەیە، یەکەم گوند بوو مەکتەبی لێ کرایەوە. چەندان ساڵ درەنگتر تاك و تەرا لێرەو لەوێ، لە گوندەکانی تر مەکتەب کرایەوە.

چرپەی بۆ کرابوو، لەو بارەگایەی کە لە قەرەچوغ کرابۆوەو هێزێکی کوتەك داری پێشمەرگەی لێهەیە، بەرپرسەکەی ئامۆزای باوکمەو لەگەڵ کادیرەکانیش کە یەکێکیان ئامۆزای باوکم بوو، ئەویتریش کۆمەڵێك پەیوەندی کۆی دەکردینەوە، دێتە بیرم کە جەنابی کاك (فارس باوە) بووە پێشمەرگە هاتە گوندەکەی ئێمەو پەیوەندی بەو بارەگایەوە کرد، بارەگای بناری قەرەچوغ، ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو، بەڵام رۆڵێکی ئیجابی گێڕا لە ناوچەکەو خەڵکێکی شڕە خۆری تەمبێ کردو چاوی هۆزە عەرەبەکانی قەراجیشی شکاند، چرای دەوڵەمەندیەکەی ئێمەش زوو کوژایەوە چونکە لەمێژ بوو چاوچنۆکەکان لە هەڵ دەگەڕان، لە ساڵی **1963** ساڵی رەشەکوژییەکەی (حەرەسی قەومی) ئاغاکانی پێشینە بە پیکی حەرەس قەومی هەڵدەپەڕین هەر ئەوانیش پێش هەموو کەسێ چەکیان لە رژێم وەرگرت و جگە لەوەی سوخەتی کوردیان تێکدا، چاوساغیشیان بۆ دڕندەکانی رژێم دەکرد، بە سواری دەبابەو بە نەخشەو تەکبیرێکی پێش وەخت هاتن لە گوندەکەی ئێمە تەنها ماڵی ئێمەیان سووتاند، بە مەرگان چ نەبوو، دەنا بز گۆڕمان قوتار نەبوو.

تاقیسی مریشك بە جووجەڵەوە سووتا، لەوەش بەزمتر باوکم لە ئێوارەوە (دابەستی) یەکی سەربڕیبوو تەنها جەرگ و هەناوەکەی لێنراو کەلەشەکەی هەر بە ساغی و بە دارەوە لەگەڵ خانوەکەمان سووتێندرا ... ئەمڕۆش لەبەر بێ یاسایی!! هەق تێچۆلاوەو منیش ناوێرم بە دوژمنەکەم بڵێم: لە پشت چاوت دوو برۆ هەن!!) نەك هەر بە پەند دەبردرێم بەڵکو رەوانەی ( نوگرە سەلمانەکان) ی کورد دەکرێم و بە زومانی زگماکی خۆم دەمتولخێننەوە!!

ئەوان بە هەردوو سەر بردیانەوە، ئێمەش بە هەردوو سەر دۆڕاندمان!! ئێستاش نازانم هۆی چی بوو! ئایا لەبەر ئەوە بوو کە هەینێ کەللەم پڕ کرابوو لە کوردایەتی و لە کوورەی کادیرەکانی ناوچەکەمان دەرچوو بووم، یان هەر عەقڵم خاوو بوو، بە درەنگ شتی وەردەگرت، کە چووم بۆ پێشمەرگایەتی یەکەم گوندی سەرە رێم (دوو شیوان) بوو، لە ئاقار شەو لامدایە لای پێشەوای ئاینی گوند کە ئەویش لەبەر پەلەقاژەی مەرگ و لە ترسی بۆردومانە چڕەکەی (سەری گیرەی رەش) بەخۆی و جووتێ وڵاغ و کەمە تفاقێ خۆی لە پەنا گردۆڵکەیەك مەڵاس دابوو، دیار بوو خەریکی کوتانەوەی چۆخینە نیسك و نۆکان بوو.

کە لە نیازم گەیشت گوتی: (بە گوێم بکە بگەڕێوە!! پێشمەرگایەتی بەتۆ ناکرێت!!)

من دڵم داخورپا، گوتم هەبی و نەبێ ئەوە (خەفیە) ی حکومەتە!!! گوتی:( کورِم دەزانم لەبەر گەوجایەتیت ئێستا دردۆنگی لە قسەکانم دەکەیت!! بەڵام رۆژێ دادێ تێدەگەیت، بەس هەینێ دادت نادات چونکە کاروان لێت تێدەپەڕێت!!) دەك گۆڕت پڕ لە نوور بێت مەلا عوسمان بەراستی درەنگ وەئاگا هاتم!! کە بە مامۆستایەتی چوومە (بەردانگە) ئاوریشمی خۆرێکی نوێم پێوە لکا.

لە گۆڤاری برایەتی دا لە ساڵی **1972** چیرۆکێکم لەژێر ناوی (ئەرێ تۆ باوکمانی) کە لەسەر زاری مام رەمەزان بارزانی دیمەنێکی گەڕانەوەی بارزانیم تێدا گێڕاوەتەوە کە گەیشتۆتەوە هەولێرو لە ئێستگەی شەمەندەفەر خەڵکێکی لە ئەندازە بەدەر لە چاوەڕوانی کردنیان لەناو پێشواز کەرەکاندا ژن و منداڵی ئەو بارزانیانەن کە لەگەڵ بارزانی نەمردا بوون، هەندێ لە وێنە جوانەکانی (بەردانگە) شم پێدا پژاندبوو ... ئەو کاتەی من گەیشتمە گوند، ژنان تێکڕاو زۆربەی پیاوەکانیش بە تایبەتی پیرەکان هێشتا جادەی قیرتاوکراویان نەدیتبوو، سواری ماشێن نەبووبوون.

گوندەکەش لەگەڵ چەند گوندێکی تر لە سێ لا بە چیای بڵندو رژد دەورە درابوو تاقە دەرگەی هات و چۆیان کەوتبووە خۆرهەلات، خەڵکەکە بە چەند کاتژمێرێ بە کەرو بار دەگەیشتنە شارۆچکەی رانیەی فەرامۆشکراو ...!! کژەکە سەرماو بەرەو ساردتر دەچوو، خەڵکەکە هەتا بڵێی خواردەو دەرگا لەسەر پشت بوون بۆ میوانان، مامۆستاش هەر لێگەڕێ.

بەڵام وەك گوندەکەی خۆمان لەنێو سادەیی و بێ ئاگایی و دابڕاو بوو بۆ خوێندنیش چرِدۆ ...! هەویرێکی نێو لەپی کابان بوون، چۆنت گەرەك با ئاوات دەشێلان، زمانی چاو بەستە کردن و چەتە گەری و بازرگانی کردنی بەم و ئەویان نەدەزانی!! ساکارو پاك و یەك روو بوون، ناخیان لەسەر لەپی دەستیاندا بوو، بێ فێڵ دیمەنەکانیان وادەهاتە بەرچاوم، بە کەلەش گەورەو بە عەقڵ بچووك ... ساڵانێکی درەنگ بەراوردم پێدەکردن لەگەڵ خەڵکانی تر، دەمگوت: هەزار خۆزگەم بە خۆتان!! مرۆڤ ئاوەها بێت چێترە نەك خوێن مژین! نەك تەفرەدان و پێوەدان! نەك گورگ بیت بەڵام لەژێر سایەی نیشتیمان پەروەریدا دەم لە جەستەی گەل بنێیت! مامۆستا لەو سەردەمەداو لە گوندێکی ئاوەها لەسەر دەستان رادەگیرا.

www.kurdistannet.org

کووکەو ئلژاوەی پێدەکوژێنرایەوە، بڕیارو فەرمودەکانی ڕەت نەدەکرانەوە بەتایبەتی ئێمە پشت و پەنامان هەبوو، هێزی پێشمەرگە کوتەکمان بوو نەك وەك ئەمڕۆ. سەدان قوتابی لەبەر مامۆستا زیت* دەبوونەوەو دایك و باوکیش دوکمی دەکەنێ، یاسایێك نییە بیپارێزێ!! برسی کردنیش سەربار!!

ئەمەش پیلانێکە بەدەستی کورد ئەنجام دەدرێت. ڕۆژێ گوتمە خەڵکەکە: ئەگەر یەکێ بیەوێ خۆی بشۆرێت؟! پێکەنین گوتیان: ئەم ڕووبارە ئاوەت نەدیتییە؟! موچڕکەی ساردی پێستەمی بڕی و لە هەناوم گەڕا، هەترەشم چوو، چێتر تێگەیشتم دەردی تاقانەیی بەلاێیکی تری بەسەردا هێناوم، دایکم لە شڕە جلاندا دەیخنکاندم هەر دەیگوت: ئەوەندە کوڕیژگە** م هەیە.

تا وام لێهات جەستەم بەرگەی کزەباش نەگرێت، ئێستاش وا ئازاری دەردەکەم دەچێژم ... ساردی دۆڵی شاوور*** بەناوبانگە تەنها ئەو کاتەی بەفری لێدێت گەرمە، دامنا ئەگەر

---

* ˜زیت بوونەوە: هەڵزۆقینەوە، هەڵچەرخانەوە، قەبووڵ نەکردن لە بەرانبەرەکە.

** ˜کوڕیژگە : شێوە ئاخاوتنی دەشتی هەولێرە. واتا: کوڕۆکە، منداڵی نێرینە.˜

*** شاور: دۆڵێکی قووڵ و درێژە لە ئەوپەڕەکەی خۆرئاوایی دادەخرێ بە تێکەڵ بوونی سێ زنجیرە چیای بەرز – دوا زنجیرەی چیای ماکۆك – لەوێ دەکوژێتەوەو تێکەڵی قووتکە بەرزەکانی کوێستانی – ساوو سێوەکان – و چیای – بێنرخێن– دەبێ. تاقە دەرگای والآی ئەم دۆڵە لای – شارۆچکەی ڕانیە– یە، کە بە دوو زنجیرە چیای بەرز دیوار کراوە بەرەو خۆرهەڵات. زنجیرەی چیای – کێوە ڕەش – و زنجیرە چیای ماکۆك کە لە دوندی – حاجیلەی سەر – ڕانیە – دەکوژێتەوە. شاوور کۆمەڵێك ئەفسانەو داستان و چیرۆکی مێژوویی لەخۆ گرتووە: 1 : لە چیرۆکە مێژووییەکەی – خورشیدی خاوەر زەمین – لە ڕۆژگاری حوکڕشانی خورشید – کە تەختە بەردینییەکەی بێتواتە – پێتەختی بووە، بەودیو چیای ماکۆکدا – واتا لە دۆڵی شاوور، خوا ناسێکی لێ بووە بەم ناوەو توانیویەتی خورشید بکێشێتە سەر دینەکەی خۆی. 2 : بە گوێرەی ساغکردنەوەی مەلا سەلام حەیدەری– بە پشت بەستن بەو بەڵگە مێژووییە کۆنانەی کە لەبەر دەستی دا هەن، دەڵێ: ئەو گوندەی کە تا ئەمڕۆ لەم دۆڵەدا ماوەتەوەبە ناوی گوندی – مێدێرە – لە سەردەمێکدا خەڵکەکەی ئەم دۆڵە – خاچ پەرست – بوونە. مێدێرە لە دوو بڕگە پێکهاتووە. بڕگەی یەکەم: مێ= کە وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە. بڕگەی دووەمی = دێرە = دێر= کەنیسە = مزگەوت = شوێنی خودا پەرستن. کە بە لێکدانیان دەبێتە – دێری مێ، واتا – مێینەکان. گۆیە – لەوان سەردەم ئەم – شاوورە یان یەکێ لەو خواناسانە – بۆ جیا کردنەوەی ژنان لە پیاوان لە خودا پەرستندا ئەم شوێنەی دروستکردووە. 3 : لە کتێبە دەستنووسەکەی – مەلا سەلام – شاوور – واتا – شاول . ئەم شاول = شاور – ە، قەشەیەکی ڕێبازی عیسەوی بووەو ئایینی مەسیحی کە کوردستان بڵاو کردۆتەوە. جا ئەگەر ئەم لۆچوونە ڕاست بێت ئەوا بە گوێرەی – ئینجیلی:

**Kurdish New Testament, Sorani**
**NKU by International – Bible Society**
**Copyright C International**
**1998**

لە لاپەڕە 285 دا دەڵێ:=

چارەیەك لە خۆم نەکەم دەبمە (براێمی زێندنیان) بە کاروانچیەکدا هەناردم کیسێك چیمەنتۆم بۆ لە رانیە هات بە براێمی خۆلاّمی کاك عسمانی بەردەست هەندێ چەوم لە بەستی رووبارەکەوە راگوێزی تاقە ژوورەکەی خەوتنم کرد قوژبنێکی دیوارەکەمان کون کرد بارتەقای ئەو ئاوەی کە پێیدا دەڕوات.

بە گاشەبەردان مۆرەیەکی نیو کەوانەییمان قیت کردەوە پاشان چیمەنتۆکەمان تێهەڵسوو بە دەست و پشتە خاکەناز مارنجمان کرد لێیگەڕاین تا کزر بۆوە، سەر شۆرێکی پوختەی لێدەرچوو ژن و پیاوی گوند بۆ عەنتیکەیی دەهاتنە دیاری دەیانگوت: ئێ ی مامۆستا چەند فێڵزانە!

ئۆخەی رزگارم بوو لە شەختە شکاندن و خۆ لە رووبار وەردان ئەگەرچی پێموابوو ئەگەر گرووش بام لە دژوونیا تاسام نەدەکرد وەك ئەوان کە ژن و پیاویان بە هاوین و زستان لێی راهاتبوون بوێرم خۆم بشۆم، ئاودەستیش هەر نەبوو، بەڵام ئەمەیان دیاردەیەکی سەرتاسەری گوندەکانی کوردستان بوو، پێشی من یاسای بارەدار هێنان بەرقەرار بوو، منالّەکان بەیەکەو

---

= لە دیمەشق، پیاوێکی – تەرتووسی – هەبوو، ناوی شاول بوو، عیسا پێغەمبەر ( س ) چووە خەونی لەدوای خۆی ئەو هەڵسێ بە بانگێشەی دینەکەی – عیسا – ، شاول – یش بە کارەکەی خۆی هەڵسا لە دیمەشق و لە ناوچەکەی.

لە لاپەڕە **293** دا دەڵێ:

بەرنابا چوو بەدوای شاول – داو لە شاری – تەرسوس – هێنای بۆ ئەنتاکیا.

تێبینی: تکایە ئاگاداری ئەوە بن کە شاری تەرتوس – لە سەردەمی – فتوحاتی عەرەبی ئیسلامی – ئەم ناوەی لێنراوەو پێشتر ناوی – ئەفسوس – بووە. ئم شارە – لە سەردەمی نیشتە جێبووندا شارێکی کوردی بووەو لەناوجەرگەی – کوردستانیشە– پێتەختی – مەلیك دەقیانووس بووەو مەڵبەندی پارانی ئەشکەوت ( اصحاب الكهف ) ی قورئان بووە. من لە لێکۆڵینەوەیەکی جیاو سەربەخۆ ئەمانەم =هەمووی ساغکردۆتەوە کە کوردن و ولاّتی کوردانە. کەواتە ئەم – شاول = شاور – ە، بە گوێرەی هەمو ئەو بەڵگانەو بەڵگەی تریش – کورد بووەو راستەو خەڵکی ئەم دۆڵی شاور – ەی ئێستایە.

هەر بە گوێرەی – ئینجیلی پیرۆزی ناوبراو لە لاپەڕە **628** ، شاور = شاول – لە سالاّنی **1050** تا **1010** ی پێشی زایین و راستەوخۆ لە پێشی – داود – پێغیمبەر ( س ) هەبووە، هەروەها بە گوێرەی – کیتابی الهدایە – لاپەڕە **129** دەڵێت:

*دەربارەی ئایەتی ژمارە **249** ی قورئانی پیرۆز، لە سوورەتی – البقرە–*

**( و لما فصل طالوت بالجنود قال ان الله مبتليكم ينهر فمن شرب منه فليس مني و من لم يطعمه فانه مني الا من اغترف غرفة بيده .)**

*تەفسیر چییەکانی قورئان دەڵێن ئەمە – ئەو شاور = شاول – ەیە کە سوپاکەی پێکهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی – میدیەکان – بەڵام لێدەرەوانی تەورات دەڵێن ئەم شەڕە بە – 200 ساڵ لە پێشی هاتنی تالووت – شاول – شاور – بووە، بەڵکو ئەوەی ئەم شەڕەی لەگەڵ میدیەکان کردووە مەلیکێکی تر بووە بەناوی – جەدعون – کە یەکێك بووە لە قازییەکانی منالاّنی ئیسرائیل= یەعقوب – ی کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەر ( س ).*

*لە کتێبی – العرائس – دا دەڵێت:*

*تالووت =**طالوت** = ساول بە سریانی ، بە عیبریش دەبێتە – شاول.*

بارەدارێك وەك هەنگ بە درەختی پۆلەکەوە وەربوون، خوێندن دەستی پێکردو منیش هێواش هێواش شەرمم دەشکاو چاوم دەبۆوە. تا دەهات خەڵکەکەم پتر دەناسی بەهۆی ئەم هەموو نانەی کە لە ماڵەکانم دەخوارد لە گوندان شیوی ئێواران باوە کەچی دەستووری ئەو گوندە دەم و جەمی نەبوو، زۆرجار تەقەی دەرگا لە خەوی بەیانیان وەئاگای دێنام دەمگوت: کێیە؟ دەگوترا: مامۆستا وەرە گەڕانێ. لەوێ لەجیاتی فەرموو بچینە ماڵی ئێمە بۆ نان خواردن وشەی گەڕان بەگاردەهات. جار وابوو دەنگەکە هی کچ یان کوڕ یان خاوەن ماڵەکەی کە نانی بۆم ئامادەکردبوو ... هی یەکێ لەمانە بوو ... زۆربەی ئەو جەمانەی بەیانیان دەمخواردن سەروپێ بوو.

خەڵکەکە فێری راوەماسی بە تفەنگیان کردم، ئەوەندەم چێژ لێوەردەگرت زۆربەی ئێواران شۆڕ دەبوومەوە لۆلای رووبارەکەی دامێنی گوندی (پلینگان) * کە لەگەڵ ئاوی گوندەکەی ئێمە تێکی دەکردەوە بەڵام ئاوی رووبارەکەی بەردانگە ** تیژتر دەرۆیشت چونکە سەرچاوەکەی لە بەرزایی شاخێکی سەر گوندی گوڵان *** بارتەقای چەند باووشە ئاوێ لە شێوەی تاڤگە فڕێی دەدا، کەم شوێن هەیە لەوێ فێنکترو ئاو سازگارتر بەڵام لەبەر دوورە دەستی و بارودۆخ فەرامۆشکرا بوو، گوڵانیش دەکەوێتە سەر بەردانگە بەڵام لێکتر نزیك لەنێوانی هەردوو گونددا پتر بەلای بەردانگەدا شوورەو هەندێ لادیواری یەکێ لەبنکە سەربازییەکانی پاشای کۆرە ماوە، ئیتر رژدی رووبارەکەی بەردانگە بواری مانەوەی ماسی نەدەدا، قوتابخانەکەی من دوو دەرگای سەرەکی هەبوو، یەکێ بەدیوی رەزەکەداو ئەوەیتری رێك لەسەر رووبارەکە بوو، من ئەو دەرگایەی دووەمم فت کردبوو، پێدا هات و چۆم نەدەکرد لەبەرئەوەی دوورو نزیك دەمدیت ژنان لێی کۆدەبنەوە، بەڵام نەمدەزانی چی دەکەن ... ئێوارە لە راوە ماسی دەگەڕامەوە، وا پێدەچوو لەنێو شەپۆلی ورێنەکانما نقووم ببووم و ئاگام لەخۆم بڕابوو، تەنها زەینم بەلای هەنگاوەکانمەوە بوو، گلێنەی چاوەکانم پازپازۆکی پێدەکردن بارتەقای ئەو بێژینگە زەویەی کە قاچی تێدا دەبزێوم، ئەویش لەو ترسە نەبادا پێم هەرزەلێ و سەرانگرێ بم.

* پلێنگان : گوندێکە لە دۆڵی شاور.

** بەردانگە : گوندێکە لە دۆڵی شاور — لەم گوندە بۆ یەکەمجار بە مامۆستا دامەزرام.

*** گوڵان گوندێکە لە هەمان دۆڵ و ناوی بە خۆیەوەیە.

www.kurdistannet.org

لەهیکرا وەئاگا هاتم دەتگوت دەست رێژیان لێکردووم کە بەسەر لوورك و تاشە بەردەکانی دەم رووبارەکەوە دەرپێی ژنانم دیت، لەراستی دیمەنەکە هێدمەی پێگرتم چونکە ئەم (داب)ەم نەدیتبوو، ئەوەی کە ئێمە لێی راهاتبووین ژن بۆی هەیە تا خرخاڵەکان واتا گۆزینگان وەدەربێخی.

لەم چرکەیەدا دەیان ورێنە بە مێشکمدا هات و تێپەڕی ... کە سەنگرامەوە، بووە حیت و هۆڕ دەنگێکی مێیانە گوتی وەرە بپەڕەوە، چاوم بڵند کرد زۆربەیان رووتن هێندەی تر توڕندی بووم **** پێموابوو هەڵەیەکی زۆر گەورەم کردیە، تازە هیچ پاکانەیێ دادم نادات هیچ پۆزشێکم لێوەرناگیرێ. دەڵێن: بە ئانقەست رێگە گۆڕیت کردووە، هەڵەتە بووم بە شوێنەکەی جاران بەسەر بەردەبازەکاندا پەڕیمەوە لەنێوانی ترس و ماندیبووندا تا دەهات رنگ و هۆڕی دڵم پەرەی دەسەند..

لەو چرکانەدا هەر کێ دەیدواندم پێموابوو کەتنەکەی زانیوەتەوەو پەلارم تێدەگرێ!! کەچی پاشان کە لێك ئاشکار بووین، دەرچوو (ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تر ...) ئەوان ئەوە دەستووریان بوو، پێش دەرگای مەکتەبەکەم کە رووبارەکەی پێدا دەرۆیشت (دەراو) ی ژنان بوو، کێشتانان و ئێواران ژن و پیرەژن و قەیرەکچ و هی تازە خۆناسیو بە هیربارەوە دەهاتنە سەر ئەم دەراوە، هەندێ قاپ و قاچاغی دەشۆرد، ژنان (غوسڵ)یان لەخۆیان دەردەکرد، هەر هەمووشی پێشی چوونە ناو ئاوەکەوە بیلامانێ دەرپێکانیان لێفرێ دەداو دەیانکردە ساماڵ. ئەم دیمەنە جوانە بۆ خەڵکی دەشتەکی قەبات بوو وەك من لەمەودوا کە لە گوندێکی ئەم ناوچەیە دەچوومە گوندێکی تر تووشی دیاردەی کۆڵ و کانی دەهاتم. لێرەو لەوێ ژنان تاك و تووك بەدرێژایی لێواری رووبارەکە خۆیان و شمەکەکانیان دەشۆرت، رێگاکەش وەهابوو دەبایە لە زۆر شوێن ئەوبەرو ئەمبەری ئاوەکە بکەی. جار وابوو کوول کردنەکە دەکەوتە سەرچەقی رێگاو نە رێبوار بۆی دەکرا لابداو نە کوول کەریش خۆی شلوێ دەکرد بە ناچاری لووتت لە لووتی ژنە رووتەکان دەچەقی و بۆ ئێمەمانانیش کاتێکی گەرەك بوو تا لێی رادێین....

---

**** ~~~توڕندی بوون و هەرەتە بوون : سڵ کردنەوە یان جێ هێشتنی شوێنەکە بە پەلەو خێرایی. ~

لەگەڵ خەسرەتەکانیان راهاتم زانیاری پیاوانەو ژنانەم لا گەڵاڵە بوون، چوومە بنج و بناوانی هەندێ لە رەفتارە نهێنییەکانیش لە ترسی ناو زڕاندن خۆشم دەپاراست، بە دەست نوێژەوە دەخولامەوە، لە بەینی خۆیان زۆریان بە بەژن و باڵامدا هەڵدەدا، خدرە خێڵ یادی بەخێر پیرەمێردێکی زەوقی بوو گاڵتەگێڕ بوو، نوکتەی بە هەموو کەسێ دەکرد، خۆرەبانەکەیان جڤاتێ بوو. زۆربەی کاتەکان خەڵکی لێکۆدەبوونەوە، گەلێ جار پاسیان دەدایی شتێکم پێبڵێ یان بۆ هەڵبەستێ، بەڵام هەموو جارێ دەیگوت: کوڕینە دەڵێی لە راستی ئەو مامۆستایە لغاو کراوم هیچم بۆ نایێ بۆیە تەنها مامڵەتێکی لەگەڵدا دەکەم، ئەگەر ئەو تفەنگە بڕنۆیەم بداتێ منیش لەو سێ کچەم سەرپشکی دەکەم با یەکی هەڵبژێرێ. ئەمەی بە پێکەنینەوە دەگوت بەڵام لە دڵەوەش حەزی دەکرد نەك هەر ئەو قسەکە ختۆکەی کچەکانیشی دەداو وەگەڕ کەوتبوون خودا روویان سپی بکات..

قسەکە وای لێدەکردن بکەونە پێشبڕکێ لەگەڵ ئەو ژن و کچانەی دەچوون ژوورەکەمیان پاك دەکردەوە گەسکیان دەداو نوێنەکانیان دەتەکاند گەلێ جار وادەبوو نەمدەزانی کێ جلە دژونەکانی بردووە یان کێ دەیهێنانەوە لەدوای شۆردن. ئەوە چوو رابردوو خودای مەزن هاریکارم بوو پێم لە تەختەیەکی چرووك نەناو نەك حەرامیم لەگەڵ نەکردن ... لە پڵینگان کچێکی هەتا بڵێی جوان هەبوو برای خۆی عەشقی دەبوو گۆیە دایکی خەونی دیتبوو ئەگەر بیداتە شێخ دەچێتە بەهەشت!

خەڵکێکی زۆری لێوەشاوە وەسەری هەڵوەستان بەڵام دایك نەهاتە رایێ و دایە شێخ، شێخیش هی گوندەکەی ئێمە بوو دوو ژنی تری هەبوو تەمەنیشی لە شەستی تێپەڕاندبوو!! یەکەم جارم بوو تووشی شەڕە ژن بێم دوو ژن چەنگە بازی یەکتری بوون یەکێکیان بەویتری گوت: ئەگەر چا بای رەدوو دەکەوتی!! کە گوێم لەم جوونە سەیرە بوو نەمزانی نە پێبکەنم نە بکەومە گێژاوەی لێکدانەوە. رەدوکەوتن = کوشتن = مل شۆڕکردنی باوك و برا=...

ئاخۆ دەبێ بە چەندان شێوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان مامەلەی پێبکرێت!! لە هەندێ شوێن گەر لەژێر لێوان ئەویش بە دەگمەن و بە دزێوی بەسەر زاراندا دێت کەچی لەهەندێ شوێن بۆ لاف لێدان و رەسەنایەتی بەکاردەهێنرێت( ئەگەر چا بای رەدوو دەکەوتی) وا پێدەچێ ئەمە چاکترین پێوەر بێت بۆ لێك هەڵاوێردنی ژنی چاك لە هی خەراپ، خەڵکی بەردانگەو دۆلەکە لە زمانەوانیێشدا ئاخاوتنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەگەر گوتەکەت

شتێکی مەیلەو سەرسوڕهێنەری تێدابایە دەیانگوت: ئاخر، چی و، ما، و، ئی ی_ یان دەهاوێشتە سەر ئاخاوتنەکان ...

دەرگای هەموو ماڵەکان بۆ من واڵا بووبێ پەنگانەوە سەراسووم دەکردن ... پوور تاوس مێردی دووەم جاری (مام ئەحمەدی زانی) بوو پیرەمێردێکی تەمەن نەوەد ساڵەو پور تاوس تەڕە ژنێکی گەرم و گوڕ، دوو کچی ناسکی هەبوو (عبدولڕەحمان) ی کوڕی تاقانەی لای من دەخوێند مەلا هەڵەی بکردایە کچە گچکەکەی هەڵەی نەدەکرد لە هێنانی شووشە شیرێکی مانگا سبینە نەبوو بە لە دەرگادان لە خەوی شیرین رام نەچڵەکێنێ ... هام و شۆم دەکردن ئەوەندەیان رێز لێدەنام بەخۆمدا دەشکامەوە خانووەکانی گوند هەمووی دوو نهۆم بوون ژێرەوە بۆ ماڵات و سەرەوەش بۆ خۆیان بەڵام هی ئەوان شوێنەکەی زۆر بەرز بوو ئەگەر دادەنیشتی هەتا چاو بڕی دەکرد دیمەنە یەکجار جوانەکانی دۆڵی شاورت دەهاتنە نێو گلێنەی چاوان ...

هەمووی هەر لێرەو باغ و دارستان لەسەر هەر پارچە زەوییێ خانوو قووت کرابۆوە، ڕەزەکانیش وەك پەرژین بە دەوری زەوی و خانووەکانیشەوە سووڕابوونەوە، مێوەجات تازە پێدەگەیی، ڕۆژێك لەنێو بەهەشتەکەی دەرەوەی قوتابخانەکەم پیاسەم دەکرد ژنە رەوەندێك کە لەم وەختانەی ساڵ دەچوونە کوێستان بە خۆی و توورەکەی پشت خەریکی ڕەز ڕنین بوو. من لەگەڵ دەنگی دایك وەئاگا هاتم کە دەیگوت: ژنێ شەرم لەخۆت بکە لاچۆ با مامۆستا گوێی لە دەنگمان نەبێت، ژنە رەوەند کە گوێی لە وشەی مامۆستا بوو بێمنەت تر هاتە پێشەوە، دەنگی بەرزتر کردەوە گوتی: ئاخۆ مامۆستا دەزانێ گەزان باوێ؟!!

لە بێ شەرمی ژنەکە شەرم گرتمی کەچی ئەو پتر لێم هاتە پێشەوەو گۆتەکەی دووبارە کردەوە تا وای لێهات بەخۆمی دەگوت: ئەرێ مامۆستا ئەتۆ گەززان دەزانی؟ گەززەی ژنان خۆشترە یان هی کچان؟ لەگەڵ هەر گۆتەیەکی دایك بە لەپەکانی چاوی خۆی دادەپۆشت و من بە ناچاری رووم لێوەرگێڕاو بەلایەکی تردا جولام، هەستم پێکرد دایك بە ساڵدرمان وەدەرینا، دایك ژنی عسمانی بەردەست بوو ئەوە مێردی دووەمی بوو، پیرەژنێکی دەست گەرم بوو کاری دە ژنی دەکرد، دوو کوڕی هەبوو لە مێردی بەرایێ منیشی بە کوڕە گەورەی سێیەم دانابوو، قەت لە چاکەی دەرناچم لە ئەندازە بەدەر لە خەمێمدا بوو.

خانووەکەیان کە پاشان کرا بە مەکتەب لە شێوەی خانووە داخراوەکان (موقەپەت) دروستکرابوو ژوورەکانی زۆر بوون، بەشی من و منداڵەکان و لایەکیش ئەوانی تێدا بوو، کە تەمە ئەستوورەکەی نێوان من و خەڵکی گوند رەوییەوە زۆربەی کچ و ژنەکان کە دەهاتنە سەردەراوەکە یان دوای لەخۆبوونەوە دەهاتنە بیلاییە کە منیش ئەگەر نەخەوتبام یان دەرنەچووبام دەگلامە کۆڕەکەیان خۆ ئەگەر راکشابام کێ دەوێرا لە ژنەکان دەنگی بەرزکاتەوە لە ترسی دایك زوو لە دەمی دەدایەوە دەیگوت: مامۆستا نوستووە. تێپەڕین بەلای دەراوەکەو هات و چۆ بە دەرگای لای رووبارەکە بۆ من بووە شتێکی ئاسایی وەك هەر یەکێکی گوندەکە ... جار وابوو ژنەکان بە گەلە گوڕیان دەکردە ژوورەکەی من بەلام بەم دواییە ئەوەی دایك مۆڵەتی نەدابایە ... نابوایە بێتە ژوورەکەم ... ئەو ماوەیە چوو رابورد ئاوێکم لە ژوورەکەی خۆم نەهاوێشتە دارێ چاو خۆراکم لەسەر دایك بوو بەلام منیش قرێژێکم دەدانێ. (جەوهەر بارزانی) ش لەباراش و دانەوێڵە غافڵی نەدەکردم ئەویش هەینێ ماڵی لە بەردانگە بوو، سەرپەرشتی کۆکردنەوەی زەکات و مێوەجات و دانەوێڵەی دەکرد هەروەها ولاغ کۆکردنەوە بۆ کاروان و دابەشکردنی پێشمەرگەی میوان کە بە گونددا تێئەپەڕین ...

دوو رۆژ بوو هەردوو کوڕەکەی سۆفی خدر نەهاتبوونە مەکتەب بەدوامدا ناردن، سۆفی گوتبووی نایان نێرم بزنۆکەم بێ شوانن. ناردم سۆفیان هێنا دیار بوو پێی توند دادەگرت، کە چەختم لێکرد گوتی: مامۆستا بە راستی خۆم گوناح بار ناکەم، مەکتەب دەرسی شەیتانی فێری منداڵان دەکات ئەمەش لە دەروێشێکی وەك من ناوەشێتەوە ... گوتم ئاخر ئەگەر نەیەن دەتگرم ...

دیار بوو گاڵتەی پێدەهات، گوتی: چی لە دەستت دێ بیکە ... تێگەیشتم هەنجەتەکە هی بێ شوانی و دەرسی شەیتانی نیە بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو خەڵکی تریش چاوی لێبکەن ئەگەر بۆی چووە سەر مەکتەبەکە تێك بچێت ... کە چوومە بنج و بناوانی کێشەکە زانیم بالا دەستێکی دێ!! پیلانەکەی دارشتووە کە پێی وابوو ئەگەر خەڵکی گوند فێری خوێندەواری بێت ئەو رێزو بەرژەوەندی نامێنێ!! ئەم بۆچوونەش لە مێژە لە سەرتاپای کوردستان پەیرەو دەکرێ.

منیش خۆم لە گوورە نەبرد پسووڵەیەکم بۆ بارەگای عەلی شەعبان* هەناردە بێتواتە هەر بە گورجی و لە هەمان رۆژدا بە ئاگاداری کردنەوەیەکی سەرزارەکی سۆفی خدر ئەو قاچەی پەرتی کردن تا بێتواتە خۆی نەگرتەوە لەوێش بەبێ گوێ لێڕاگرتنی زیندانی کرا بەرۆژ تا سۆمایی دادەهات سوغرەو بێگاری پێ دەکرا، ئەوەی هانی دابوو خۆی گەیاندێ بەڵام لە قەوچەی درایەوە.

کووزەکە** ی کردو گەڕایەوە تێگەیشت چارە لای منەو وەك من دەمەوێ، کچە گەورەکەی کە لەخۆ گەڕابۆوە، هاتە لام گوتی: مامۆستا دایکم دەڵێ با بێتە گەرانێ .. کە چووم ژنەکەی سۆفی هی بن بەرێ یی هێنایە سەر بەرێ، دادی هاوێشتمە بەرێ بەڵێنی دامێ سۆفی مل رادەکێشێ کوڕەکانی لەگەڵ خستمەوە منیش پسووڵەیەکم ناردە بێتواتە سۆفی بەردرا پاشان بووینە برادەر زوو زوو دەچوومە ماڵیان ..

لە بیرم نەماوە کامەیان بەڵام یەکێ لە سێ کچە جحێڵەکەی دوای چەند رۆژێ رەدوو کەوت و هەر مانگێکیش لەبەر چاوان ون بوون پاشان هاتنەوەو بوونەوە دراوسێی سۆفی خدر ...! کوێخا ئەحمەدی برا گەورەی گوند لە کچەکانی دێ ژنێکی بۆ کوڕەکەی هێنا بەڵام هەر دوای باوەخوند دیار بوو ژنەکە بە زاوا سەر گران بوو قوون گێری دەکرد زۆر شێوەیان بەکارهێنا لەگەڵیا بێ سوود بوو تا من رۆژێ بووکەکەم بانگ کردو هەندێ ئامۆژگاریم کردو بەڵێنی دامێ ببرهای ببر جارێکی تر زیز نابێ بەراستیش وەها دەرچوو کە سەردانم دەکردن زاوا خۆی بە قەرزاری من دەزانی بووکەش بە دەروێش ..

بەر لەهاتنی من بۆ بەردانگە بارزانی بڕیاری دابوو رێگەیەك بکەنەوە لەنێوان ئەو دوو لووتکە شاخە بەرزەی کە گوندی (هەرتەل) ی سەر بەدۆڵی خۆشناوەتی پشت گەلێ دەباوەش گرتبوو رێگا بۆ ولاغان نەك بۆ ماشێن هەینێ هێزەکانی رژێم لەسەری (حاجیلە) ی سەر کەپکان*** و لەدەشتی سەروچاوە**** وەر ببوون بە تۆپی دوور هاوێژ رێگە ئاشکراکانی

---

* ~~~عەلی شەعبان : ئامیر هێزی – بێتواتە – بوو بە پلەی پێشمرگایەتی بەڵام دەسەڵاتەکەو هەڵس و کەوتەکانی ......... ~

**~~~کووزەکە : مل بەردانەوەو مل شۆڕ کردن و نەوی کێشان.

*** سەرکەپکان : گوندێکە لەتەك – رانیە – دوا دێ ی دۆڵی شاورەو پێتەختی سەرۆك هۆزی – ئاکۆ یە. ~

**** ~~~سەروچاوە : گوندێکە سەر بە دۆڵی خۆشناوەتی پشت گەلی، کەوتۆتە دامێنی – دوا زنجیرە چیای – ماکۆك – بەلای رانیەدا دەڕەانێتە دەشتە پان و پۆڕەکەی – بیتوێن = بت + نۆین ، گردۆڵکەکەی کە بە کلکەی ماکۆك وە نووساوە – پێی دەگوترێ – کلکەی نەمروود – لەم = =گردۆڵکەیە شاخە تا ئێستا ئاسەواری بناغەی قەڵاتێکی بەردینی ماوە پێی دەگوترێ – قەسری نەمروود – لەسەر ئەم گردۆڵکەیە چەندان

پەیکەری – سەلکە = سەری مرۆڤ دۆزراوەتەوە گۆیە ئەمانە – بتەکانی سەردەمی نەمروود – بووەو پەرستراون جگە لەمە چەندان خشتی سوورەوەکراوی لاکێشەو نیو کەوانەیی – دۆزراوەتەوە کە – وێنەی خۆری لەسەر کێشراوە – بەو بەڵگەیە دەبێ مێژووی ئەم کەرەستە ئارکیۆلۆژیانە بگەڕێتەوە بۆ – سەردەمی – خۆریەکان و ئووری سێ یەمی سۆمەریەکان. هەروەها لەم دواییە خۆشم پێی راگەیشتووم چەندان کەل و پەلی ترو قاپ و قاچاخ و پەرداخ و کەوچکی گڵینم لێ دۆزیوەتەوە. ئەم زێڕانە، باژێڕێکە دەکەوێتە ناو – ئەشکەوتی بێتکار = بت +~کار، کە مەنگوڕی لە چیرۆکە مێژووییەکەیدا ئاماژەی پێکردووە بە گوێرەی سەرچاوەکانی لای ئەو ناوی – پەتیارە – ە . ئەوانەی کە وێراون تا رادەیەکی بەناو ئەشکەوتەکەدا بڕۆن، گەیشتوونەتە شوێنێ ئاوێکی تیژ بە ناوەندەکەیدا دەڕوات و ئەوبەرو ئەمبەری ئاوەکەش وەك سەکۆ تاشراوە لە ئێوەی تاخینچکە. گۆتە هەیە لە هەندێ لەم خانانە تا ئەمڕۆش – مشکی = خۆڵەمێشی، ( کوتال و کر ) ە هەر ماوە. ئینجا بەهەر هۆکاری تر بێ، ئەم حشڵ و زێڕو دراوانە وێۆا وێڕا دەکەونە نێو ئاوەکەوەو ئاوەکەش بەو تیژ ڕۆییە راپێچی دەکات و لەژێر گردی قەسری نەمروودی سەرچاوە فڕێی دەدا.

به کورتی زنجیرەی چیای ماکۆك وەك ئەوەیە – کون بەدەر کرابێ، دەرگاکەی کە – بتکارە – دەکەوێتە دۆڵی – شاوور، ئەم دیوەشی ئاوە هەڵقوڵاوەکەی سەرچاوەیە، دەڵێن لە سەردەمێکی کۆندا – کا – خراوەتە ژێر ئەم گردۆڵکەی – قەسری نەمروود – ەوە. ئاوێکی بەخوڕ هەڵدەقوڵێ و دوو جۆگە ئاو پێك دەهێنێ، کە ناویان جۆگەی – سیکتان و جۆگەی دیانان – ە. ئەم دوو ئاوە، دەشتە بە پیتەکەی – بیتوێن ئاو دەدەن. هەردوو ساڵ یان پتر، جارێك جۆگە ئاوەکان و سەرچاوەکە پاك دەکرێنەوە، لەگەڵ هەر پاککردنەوەیەك جار نییە ( زێڕ = ئاڵتوون ) نەدۆزرێتەوە، جار وایە زۆرەو جاری وەهاش هەیە کەمێکە، ئەم زێڕانە لەسەر شێوەی دراوو خشڵی ژنانەن. ئا لێرەدا پرسیارێك دەکەوێتە مێشکی مرۆزەوە، ئاخۆ ئەم زێڕانە کە لەگەڵ هەڵقولانی ئاوی ژێر گردەکە = قەسری نەمروود – دێتە دەرەوە، ئاخۆ لەکوێوە دێت و ......؟

به گوێرەی چیرۆکە مێژووییەکان و چیرۆکە ئەفسانەییەکانی خەڵکی ناوچەکەو وە خۆیشم بۆ چوار دانە ساڵە ناوچەکەم پشکنیوە، دوندو ئەشکەوت و دەشتایی ئەم قەناعەتەم لا دروست بووە کە – مەڵبەندو زاگەی نەمرووودو، ئیبراهیم پێغەمبەر ( س ) ئازەری باوکیەتی، نەك هەر ئەمە بەڵکو پێتەختێکی شارستانیەتی کورد بووە لە گەلێ سەردەم، لە – فوراتیەکانی دەشتی – لیتەیی – را بگرە تا سۆمەریەکان = سیمیریەکان، خۆریەکانیش، شەش دانە بەردی لاکێشەی پڕ لە نووسینی مێخی دۆزراوەتەوە لەسەر – تەختەکەی خاوەر زەمینی – بێتواتە، کە ئێستا دوو بەردی وا لە مۆزەخانەی – عێراقەو دووانی تری فڕێندراوە بۆ ئۆرشەلیمی ئیسرائیلی و دووانی تریشی دزراون هێشتا ئاشکرا نەبووە لەکوێیە. شارستانیەتی **2500** ساڵ لە پێشی زایین – ی ئەم مەڵبەندە دەسەلمێنێ.

بۆیە ئەگەرچی لە خەروارێك مشتێ زانیاریمان لەبەردەستایە بەڵام دەشێ بڵێم پشت ئەستوورم لەمەڕ شاغکردنەوەی مێژوویی ئەم ناوچەو مەڵبەندە.

لەم شوێنانە گەلێ شتی بەنرخی لێ دۆزراوەتەوەو دزراون!! بەڵام زۆرتری تیا ماوە، ئەو کەتەلۆکانەی کە وا لەلامە کە نەخشەیەکی هێڵ کێشی و بە پێناسەیەکی کورت نووسیومە، وەبەر دەستی کوێریش بکەوێ پێ ی دەچێتە سەر شوێنە ئاساریەکان.

خۆ تەختە بەردینیەکەی – خورشیدی خاوەر زەمین – بۆ خۆی بەڵگەیەکی زەق و ئاشکرایەو گەلێ سەربردەم دەربار نووسیوەتەوە. ئاوەکەی ئەم ئەشکەوتی – بتکارە، لە سەرو چاوەو لە – قولە – ی رانیە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە نێو شارەکە کاکە دەرچوە.

من تا ئێستا ناوی ( بیتوێن و بێت کار ) م هێناوە. پێشی من نووسەرانی باڵا دەستی کوردو بیبانی، لەم زاراوانەیان کۆڵیوەتەوە. لەژێر رۆشنایی تۆژینەوەکانیش من گەیشتوومەتە دەرەنجامێك. مامۆستا جەمال بابان لە – **اصول اسماٍ المدن و المواقع العراقية** – دا دەڵێ: بیتوێن = پتر + روێن، لەبەر بەپیتی خاکەکەی وای پێگوتراوە. مامۆستا وەهبی – دەڵێ: بنەڕەتی ناوەکە – لە ( بیت – یۆنە ) ی – ئارامی – وەرگیراوە، کورد گۆڕیویەتی بە ( بیت – وێنە ) و پاشان بە ( بیتوێن ).

بەڵام من دەڵێم – مامۆستا وەهبی، ئەگەرچی لە سەردەمی خۆی گەلێ پتری کردووە بۆ کورد لەوەی کە کورد لێی چاوەڕوان کردووە، بەڵام لەم لۆچوونەیدا بێ ئاگایی پێوە دیارە، لێشی ناگیرێ – بیت – وێن – تەعریبکراوە، چونکە بڕگەی یەکەمی – بیت – عەرەبییەو واتا – ماڵ -. بنچینەی زاراوەی – بیتوێن، بت + وێنە، مامۆستا جەمال بە رێژەیەك باشی بۆ چووە کە دەڵێ – بە ڕای من ناوەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە ( بیت وین ) یەکەمیان – بە مانای – خانوو یان پەرستگا دێ، دووەمیان – لە ( ئانە – **آن** - **AN** ) را هاتووە بە مانای ئاسمان، بە لێکدانیان دەبێتە خانووی ئاسمان . *( گۆڤاری بەیان – ژمارە **54** لاپەڕە **71** و **72** نووسنی کەمال نوری)*

واتا = بیت = خانوو یان پەرستگا

= وێن = ئاسمان

بیت + وێن = خانووی ئاسمان، پەرستگا

بە بێ ئەوەی حسێب بۆ ئەوە بکەن کە وشەی – بیت – عەرەبییەو چۆن دەبێ زاراوەیەك بڕگەی یەکەمی عەرەبی بێ و بڕگەی دووەمی هی زمانێکی تر بێ.

ئەوەشیان لێك نەداوەتەوە کە – ئان = ئاسمان – وشەیەکی سۆمەریە ...

ڕاستی زاراوەکە بەم شێوەیە ( بت + نۆیین )

بت = واتاکەی دیارەو ووشەیەکی ڕەسەنی کوردە.

نۆیین = تونێل ، نەفەق . واتا – بتی نۆیین.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی لای خۆم لەم گردی قەسرێ یە – قەسری نەمروود، نۆیینێك هەبووە تایبەت بە کچی نەمروود کە ناوی – تلێ- بووە، تا ئەمڕۆش لە دەشتی – بیتوێن – گردە خۆڵێکی بڵندو گەورە هەیە بەرانبەر قەسری نەمروود پێی دەگوترێ گردی – تلێ – ئەم گردە تا ئەمڕۆش نەپشکێندراوە لە لایەن ئاسار ناسان. لەم چەند ساڵانەی دوایی – دزەکان – ئەو دزانەی بە خاکی کوردستان وەربوون و کێڵایان و گەلێ شتی بەنرخیان دزی، ویستیان شتێ لەم گردەی – تلێ – بکەن، بەڵام خێرخواهان لێ یان هاتنە دەست.

هەر لەنێوان – بێتواتەو سەروچاوە – دزەکان تەرمێکی مۆمیا کراویان – لەژێر خاك دۆزیەوەو فڕاندیان بۆ هەندەران، ئاژاوەیەکی زۆری لێ کەوتەوە. من لە ڕۆژنامەی برایەتی – وتارێکی زۆر توندم دەربارەی بڵاوکردۆتەوە.

دەڵێن – لەژێر ئەم گردەش – قەسرێ هەیە بە گڵ داپۆشراوە، لەناو ئەم قەسرەش – هەندێ دەڵێن – عوشترێکی قیڕ کراوی تێدایەو هەندێ زۆر شتی تر دەڵێن، بەهەرحاڵ گەنجینەیەکەو جارێ هیچ زانیارییەکی ڕاستەقینەمان لێ ی وەچەنگ نەکەوتووە.

تلێ ی کچی نەمروود بە گوێرەی داب و نەریتی ئەو سەردەم هەرچەند جارەی بەتەما بووە بچێ بۆ پەرستنی خوداکەی ، ڕەوێ کچۆلەی لەگەڵ خۆی سازداوەو بەم – نۆیینە – واتا بەژێر زەویدا چووەتە ئەم گردەی خۆی – بۆ پەرستنی خواکەی – بتەکەی ( بتی – تلێ )

ڕەنگە عەقڵی ئێستای تەکنۆلۆژیا بڵێ – لەوان سەردەم نۆین – چیدەکرد؟ بەڵام ئەگەر هەرکێ وەك من ئەم ناوچەیەی پشکنیبا، دەگەیشتە هەمان بڕوای من. هەر لەپشت قەسرەکەی – نەمروود – دوا دۆڵی چیای ماکۆك شوێنی – سووتانەکەی – ئیبراهیم پێغەمبەرە ( س ) . من بۆیە ئەم کورتە روونکردنەوانە دەدرکێنم، چونکە ئەم ناوچەیە تەوەری بابەتەکەمەو لەبەر ئەوەش تا سنوورێك لەپێش ئەوانە دانێم کە تا ئەمڕۆش هەموو شتێ لەنێو چاوی عەرەبدا دەبینن و دەخوێننەوەو بە عەقڵی عەرەبی مامڵەت لەگەڵ جوگرافیاو کلتووری نەتەوایەتی کورد دەکەن!! شێوێنەرەکان لەمێژە خەریکی شێواندنن هەتا بە جوگرافیاو ناوی تیرەو ناوچەکانی و کلتووری کورد رادەگات ناوی کوردیشیان بە زۆر شێوە زڕاندووە.

واقیدی شێوێنەر لەمەڕ – بێتواتە – دەڵێ: کە سوپای عەرەبی ئیسلامی – بێتواتەی ( گرت ) سەرلەشکر کاغەزێکی بۆ عومەر نووسی – نووسیبووی –***فتحنا بيت العبادة – اي عبادة النار*** = ماڵی ئاگر پەرستانمان گرت. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار خەڵکی ناوچەکە – بیت العبادە – یان کردە بێتواتە!!!

هەروەها – زاراوەی بێتکار – یش وەها نیە وەك دەقمان پێوەی گرتوە، بەڵکو زاراوەکە – وشەیەکی ڕەسەنی کوردیەو بەم شێوەیەیە:

بڕگەی یەکەمی – بت – ە، نەك – بیت.

بڕگەی دووەمی – کار – ە.

بە لێکدانیان دەبێتە – بت + کار = بتکار ، واتا کاری بت دروستکردن، بتکاری.

ئەمەش بەم شێوەیە دەقاو دەق دەچێتەوە بار یەکتری لەگەڵ – پیشەکەی – ئازەری باوکی ئیبراهیم، کە لە بتکاریدا هونەرمەندێکی دەست ڕەنگین بووە، چ وەك سەربردەکانی ئەوان ڕۆژگارو ئەو چیرۆکەی کە قورئان و کتێبە ئلسمانیەکان و لێکدانەوەکان ئاماژەیان پێکردووە، وە چ وەك ئەشکەوتەکەی – بتکار – کە چەندان – بتی – جۆراو جۆری لێدۆزراوەتەوە.

هەروەها – بێتواتە – ش هەڵەیەو تەفرەدانە. خودی وشەکە بەم شێوەیە – بت + واتە ، واتە بە مانای – ماڵ ، وەتاغ- پەرستگا دێت، کە دەبێتە – ماڵی بت = پەرستگا. شوێنی بت لێ پەرستن.

ئەگەر دیقەت بدەنە هەر سێ زاراوەکە:

بتواتە = بت + واتە

= بتکار = بت + کار

دەکووتایەوە بەڵام ئەو ڕێگەیەی هەرتەل کە چیای ماکۆکی دەبڕی و بە کوێستانی (ساو سێوەکان) و چیای بێترخێن و کاروخی دەبڕی ئەگەر ئاشکراش بایە تۆپی نەدەگرتەوە بۆ ئەو مەبەستە (مام رەمەزان بارزانی) گەنجینەی ئەزموونانی دانابوو سەرپەرشتی بکات. مام رەمەزان بارزانی جگە لە بارەگای عەلی شەعبان و بنکەکانی پێشمەرگەو ڕێکخستن رووی لە هەر گوندی هەر ماڵێ بکردایە ڕێزێکی تایبەتی لێدەگیرا.

کەسایەتییەکی نەرم، بەویقار دوور لە مرومۆچیی و خۆهەڵکێشان و بێ خوڕین و زمان پاراوو شیرین ئەوەی کە خەمی لێ نەدەخوارد گیرفان بوو، رکی لە مادەلایی دەبووە بێزی نەدەهات بە ئاقاری ئەوانەدا بڕوات کە خۆیان بە شت دەزانی ئەوەی خۆی لە خەڵك گیڤ بکردایەوەو گیانی خۆ سەپاندنی تێدابایە بە جاشی لە قەڵەم دەدا تەمەنە درێژەکەی بە فیڕۆ نەدابوو رۆژگارە تاڵ و سوێرەکان چاکیان پەروەردە کردبوو شلۆێ نەدەبوو قاڵ بوەی تێشکان و هەستانەوەی ڕاپەڕینەکان بوو لە یاخی بوونی بارزانییەکان و لە کۆماری مەهابادو لە رۆیشتنەکەی بارزانی بۆ رووسیاو گەڕانەوەکەشی دانەبڕابوو مێژوو ئەزمونگەو مرۆڤ بوو لە هەرە پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە لە خەمی کوردان دان پەیامەکەی تێرو پاکژ بوو* ...

لە گەرماو گەرمی چوونم بۆ بەردانگە رۆژێ بەرێکەوت لە یەکێ لە ماڵەکان تێك هەڵگرتین من هەینێ کەسم نەدەناسی و لە قسەکردنیشدا تەقیە**م نەدەکرد ئەگەر پرسیارم لێبکرایە یان ئەو بابەتەی کە لە جڤات***ەکان ئاڵ و گۆڕی بیرو بۆچوونی لەسەر دەکرا شتێکم لێبزانیایە وەڵامم دەدایەوەو خۆم تێ هەڵدەقورتاند**** خۆ ئەگەر لەسەر خەبات و پێشمەرگایەتیش بایە ئەوا بە جۆرێ گەرم دەبووم خۆم لەبیر دەچۆوە.

مام رەمزان منی کەوتبووە بەر دڵی منیش ئاگام لەهیچ نەبوو ... رۆژێ هەمان ئەو پیاوەی کە پێشتر دیتبووم لەبەر دەرگای قوتابخانە لە ولاغەکەی دابەزی و بۆ لام هات دوو

---

بتوێن = بت + نۆیین – کە بە لێکدان و سووانەوە – نوونەکە قووتدراوە – بتنۆین کراوە بە – بتوێن.

هەر کەسێك گوزارشت لە بت و بت پەرستیی یەکێ لە قۆناغەکانی مرۆڤی کورد دەکات. کەواتە شویچنەکەو ناوەکان لەگەڵ یەکترا نامۆ نین بەڵکو پڕ بە پێست تێك هەڵکێش و ئاشنان، وە ئەوەش بڵێ کورد قەت بتی نەپەرستووە، ئەوە قۆناغێك لە تەمەنی نەتەوایەتی کورد فت دەکات.

* ˜ پاگژ : بە هەولێریی ، پاقژ بە بادینی، پاك خاوێن – سلێمانی.

** ˜˜تەقیەم نەدەکرد واتا گوێم پێ نەدەدا، بێ پەروا. ˜˜

*** ˜جڤات واتا کۆڕ، مەجلیس، بادینییە. ˜

**** ˜˜خۆم تێ هەڵدەقورتاند : دەمم تێوەرنەدا، دەمم لێدەگیرا، خۆمم تێ دەگلاند.

کەسی تری پیادەی لەگەڵدا بوو منیش کە قوتابییەکانم هێنابووە گۆڕەپانەکەی ناو ڕەزەکەو لەبەر تیشکی هەتاو دەرسم پێدەگووتن کارەکەی خۆمم ڕاگرت بە پیریەوە چووم ئەو گەرمتر هاتە پێشێ دوای ڕامووسان و چاك و چۆنی فەرمووم لێکردن بچینە ژوورەوە کاتەکە بەرەو نیوەڕۆ دەچوو منداڵەکانم ناردنەوەو ئێمەش لێیدانیشتین ...

ئەو خۆی بەچاکی بەمن ناساندو لە شوناسنامەی منیشی دەکۆڵیەوە دەمەو ئێوارە لێك ترازاین من بەجێمام بەڵام دڵمی بردو ئێستاو ئێستاش نەیدامەوە ئەمجارەیان من سوارو ئەو پیادە لەهەر کوێ لەمەودای پێڕاگەیشتنی مندا میوان با خۆمم دەگەیاندێ وەك عاشق و مەعشوقمان لێهات، هەر جارەو دەرگای جیهانێکی نوێتری بۆ دەکردمەوە دەیبردمە نێو پەناگەی نەهێنیەکان خانە کلۆمدراوەکانی مێشکی دەکردمە شۆڕش و شۆڕشگێڕانی بۆ دەکردمە پیوازێکی سپی کراو.

پەنجەی لەسەر کەم و کوریەکانی من و دەسەڵاتدارەکانی نێو شۆڕش دادەنا جۆرو شێوەی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردەواری هێ ژێر هەردوو دەسەڵاتەکان دەسەڵاتی شۆڕش و دەسەڵاتی داگیرکەریی دەکردە ئاوێنەیەکی بێگەرد، تێیگەیاندم جیاوازی نێوان شۆڕش و شۆڕشی چەواشە چییە!! کێ دۆستەو کێ دوژمنە خەڵکانێك هەبوون لەناو شۆڕش بە ڕەواڵەت مامۆستای کوردایەتین کەچی ئەو بە جاشی لەقەڵەم دەدان!! جار نەبوو لە ئاخاوتنەکانماندا وێنەی مەلا عوسمان نێتەوە بەرچاووم ...

هەر دەتگوت ئاگایان لێکتری و لەمن هەیە کە هاتمە ڕیزی پێشمەرگایەتی بە گوندی دووشیوان* دا تێپەڕیم بە نیازی چوون بۆ شاخە پیسکە**، کە هەینێ لیژنەی ناوچەی جوتیارانی لێ بوو، عەلی هەژار بەرپرس و مەلا بەهرام ئەندامی ناوچە بێجگە لەو جارە جارێکی تر عەلی هەژارم دیتبوو، ئەویش بەهۆی ئەوە بوو من لە ڕۆژانی کاری نهێنی لە

* ~دوو شیوان : گوندێکە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە، بەڵام لە ناحیەی – قوشتەپە – نزیکترە.

**~شاخە پیسکە : گوندێکە لە قوولایی دەشتی کۆیە، لە ساڵی **68 – 1969** لیژنەی ناوچەی جوتیارانی – پ . د. ك – ی لێ بوو، کە من چووم بۆ ئەوێ بۆ پێشمەرگایەتی، لەو گوندە پیاوێك هەبوو، ناوی – وەستا موراد – بوو، بەچاکی نایەتەوە بیرم. یان نەخوێنەوار بوو، یان شرە خوێنەوارێکی بەحاڵ هەبوو، وەستای – دامە – بوو، لە گوند بەخەڵکی لایدەوە کەس دەرووستی نەئەهات، من هەینێ لەقوتابخانەی دامەی – دیبەگە دەرچووبووم کە مەڵبەندی دامە زانان بوو، ئینجاش کەمتر پێ ی دەوەستام. بەم هۆیەوە – متووی – واتا هۆگری یەکتری بووین، من هەینێ کەمێك شاییم بەخۆم دەهات گۆیا شتێ دەزانم بەڵام کە پێکەوە ئاخاوتنمان گۆڕیەوە، تا دەهات پتر بێزم لەخۆم دەبۆوە، ئەم کابرایە، هەگبەکەی پڕ بوو، لەمێژوو، لە زمانەوانێ، لە گەمەی سیاسی.

ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی دیبەگە کارم دەکردو بەرپرسی قوتابیانیش بووم، لەبەر گچکەیی گۆمانم لیٚ نەدەکرا بڵاوکراوەم دابەشدەکرد بە سەریاندا.

بە بۆنەی یادی **16** ی ئاب ڕۆژێ (مەلا عبداللە شیخ محمد ئاڵڵا) و (کاکە شین مستەفا عەزیز) کە سەرپەرشتی ڕێکخستنی دیبەگەیان دەکرد کە ئێستا جوامێرن ڕۆژێ گوتیان: وەرە پیاسەیەکت پێبکەین. وەك هەمیشە فەرمان هی ئەوان و ئەنجامدانیش هی من، نەمپرسی بۆ کوێ، سێ قۆڵی گەیشتینە بێستانە* ، ئەوە یەکەم جارم بوو ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە و بنکەو بارەگایان ببینم..

لە خۆشیان شاگەشکە بووم، چووینە ژووریٚ بە قەرِە پەستانێ** دانیشتین ، ئەو عەلی هەژارەش کە پاشان لە شاخە پیسکە ناسیمەوە لەوێ بوو، هەڤاڵەکانم منیان پێی ناساند، دیار بوو بە چاوێکی واق ورِمان*** ەوە تەماشای دەکردم ... بەیاننامەیەکی هێنایە دەرێ و بۆ لای منی رەوانە کرد گوتی: ئادەی بزانم لەمەش زیرەکی، منیش خوا بۆی هێنام وەك برێشکە دەتەقیمەوە لە خوێندنەوەیدا، لە کۆتایی چەپڵەیەکی هێند گەرمیان بۆ لێدام لەگەڵیدا ورِوکاس بووم ... شەو لە دوو شیوان لای مەلا عوسمان مامەوە گوتی: ها میوانە گچکەلە بە تەمای چی؟

گوتم دەچم دەبمە پێشمەرگە ...

گوتی: ناخوێنی؟

گوتم : تاقی کردنەوەی سێ ی ناوەندیم تەواوکردووە، بەڵام لەسەر ئەنجامەکەی رانەوەستاوم....

دەمێك داما و .... پاشان رووی تێکردمەوە. گوتی: بە گوێی مامی خۆت بکە پێشمەرگایەتی بە تۆ ناکرێ بگەرِێوە سەر خوێندنەکەت تەواوکە، پاشان بە قەڵەم و زانیاریەکەت شۆرِش بکە چێترە، نەك قەدەرێك خۆت بگرخێنی**** و پاشان ساڵدانە

---

* ~~بێستانە : گوندێکی دەشتی هەولێر – کۆیە، بارەگای پێشمەرگەی دەشتی هەولێر بوو لە سەرەتاکانی شۆرِشی ئەیلوول.

** بە قەرِە پەستانێ: بە تۆپزی، بە زۆر.

***~~واق ورِمان : سەرسورِهێنەر، لە دەهشەتەوە. ~

****~~خۆ گرخاندن : خۆ کرِ کردن، گوزەراندن. ~

ساڵدانە بچیەوە هەینێ لەهەر دوو دنیان دەبیت سواربوونیش عەیبێکەو هاتنە خوارێ عەیبێکی گەورەتر ...

لە دڵەوە گوتم: هەبێ و نەبێ ئەمە بەکرێ گیراوی رژێمەو لێرە دانراوە لە پەنای مەلایەتی خەڵك لە کوردایەتی سارد دەکاتەوە، پڕوپاگەندە لە دژی شۆڕش دەکات بۆ تەفرەدانی خەڵك. ئەو زۆری گۆت بەڵام من بایەخم پێ نەدا ...

کە لە کەللە رەقییەکەم گەیشت گوتی: مادام هەر دەڕۆی دەبێ بەرگە گربیت. گوتم: لەچیی؟ گوتی: توشی زۆر شت دەبیت، کاری نارێك دەبینیت، نابێ مووڕە لە جاشان بکەیت. گوتم: جاشی چی؟ گوتی ئەگەر بڕۆی تا دەگەییە سەرکردایەتی لە رێگادا تووشیان دەبیت. گوتم: جاش و لەناو پێشمەرگانیشن. گوتی: بەڵێ بەڵام لەژێر ناوی تر، بە کردەوەو رەفتار جاش و بەناو پێشمەرگە. ئەو قسانە زۆر نیگەرانیان کردم. دەگەیشتمە هەر بنکەو بارەگایێ هەر کۆمەڵە پێشمەرگەیەك گومانم لێ پەیدا دەکردن، لێیان ورد دەبوومەوە، چاوم لە جاشان دەگێڕا ... گۆتەکانی مەلام بەراورد دەکرد لەگەڵ واقیعەکەدا.

لە شاخە پیسکە لە بارەگای ناوچە میوان بووم ... ماوەیەکی لێ مامەوە دەمدی جاروبارە فلان بە هێزێکەوە پەیدا دەبوو بەلام کە دەهات کەس بە کلاوی خۆی رانەدەگەیشت. ئەوەی خۆی دەکوتایە پەناو پەسیوان ئەویتریش بەسەری کۆتی* و پای خاووس رایدەکردە پێشوازی کردنی .... کە لە ژوورێ دادەنیشت دەبایە ئەوانی تر بە پاوە بووەستن. کارەکەم بەراوەژۆ دەهاتە بەرچاو . دەمپرسی بۆ وایە؟ دەیانگوت: کاك فلانە ....

دەمگوت: بە پێی پەیڕەوو پرۆگرام ناوچە بەرزترین دەسەلاتەو (فلانە) تەنها ئەندامێکی پارتییە...

دەیانگوت: لە شۆڕشی چەکداریدا دەسەلاتی پێشمەرگە زاڵ دەبێت بەسەر دەسەلاتی حیزبیدا. ئەم دیاردەیەش کوشندەترین نەخۆشییە کە شۆڕشەکان تووشی دێن!!

ئەو شتانە لە مێشکی مندا جێی نەدەبۆوە، ئەم دیاردەیەش زاڵتر بوو هەر لە پەرەسەندندا بوو، من پێم وابوو هەر کارێکی سەربازی لە روانگەی سەربازیدا بەبێ رێنمایی و ئاراستە کردنی رێکخستن سەرکەوتن وەچنگ ناهێنێ جگە لەوەی کاردانەوەیەکی سلبی لێدەکەوێتەوە

* ¯¯کۆت : رووت، سەری کۆتی – بە سەری رووتی، واتا بە سەر پێچ ( کلاوو جامانەو شەدە ) بەستان رانەدەگەیشتن.

بەڵام ئەوەی گۆی کەوتە بەر قاشۆ** چەمکە چوارچێوەدارەکانی تووڕداو گوتی: نان ئەو نانە ئێستا لە خوانە، گیا ئەوەیە بە دەمی مەڕ خۆش بێت، چ مەجبورین دەسەڵاتەکانمان پابەندی بەرنامە بکەین!!

کادیرەکانی قاڵ بووەوی ڕێکخستن بەرگەی ئەم دیاردانە ناگرن درەنگ تێگەیشتم شۆڕشگێڕ کەی وە بۆ سارد دەبێتەوە یان دادەنیشێ! بەر لەوەی بگەمە ناوپردان*** تووشی هەندێ تاخم و توێژ بووم لە خاوێنیان ئاویان لێدەتکایەوە تۆز نەدەوێرا لەسەر جلەکانیان بنیشێ!! گوتم: ئەوانە کێن؟ گوتیان: پێشمەرگەن ...! گوتم: چیان پێسپێردراوە؟ گوتیان: دانیشتن ...!! گوتم: پێشمەرگایەتی و خاوێنی ... پێشمەرگایەتی و دانیشتن!! گوتیان ڕێزیشیان لە پێشمەرگان پترە !! گوتم: چۆن؟! گوتیان: پێشمەرگەی بەرەکانی شەڕ پارەیەکی نەمرو نەژی وەردەگرن ئەویش چەند مانگی جارێ.

ئەوانە هەموو مانگێ بە قەد دوو مانگانەی پێشمەرگەکان مووچە وەردەگرن!! پێشمەرگە بە دابەش بوون بەسەر ماڵانداو بە چینچکە* نانە رەقە ئەویش بە قینیات** شەر دەکەن تەقەمەنیش وەك دەست نوێژ رادەگرن ئەوانە هەموو زەخیرەیەکیان لە برانە ئەوەی لەماڵاندا بەکاردێت وەریدەگرن ...!! تەقەمەنیش بارتەقای هەموو بەرەکانی شەڕ تەقە بە نیشانەوە دەنێن مانگانەش بەشێکی زۆر تەقەمەنی وەردەگرن و بەشیشیان ناکات!! پێشمەرگەش نەك هەر پێ راناگا خۆی بشوا خەوەکەش هەر لەنێو سەنگەرەکەی و بە قونەوەیەو لە چرکە خەوێکدا دەیان جار رادەجفرێت لەبەر لرمەی تۆپ و خەونی جرناو فرنا ... ئەمانەش شەو

---

**~~گۆو، قاشۆ : ئەمە یارییەکی فۆلکلۆرییە بەتایبەتی لەدەشتی هەولێر. پتر لە کژی بەهاران دەکرێ، پێکهاتووە لە دوو ئامێر . یەکێکیان — گۆ — ئەمە خڕە پتر لە کۆلکە دار دەکری و دەتاشرێ و خڕ دەکرێ بە ئەندازەی ناولەپێك، ئەویتر دارێکی گۆچان ئاسایە بەڵام ئەم شوێنەی دەستی پێوە گیرێ راستەو لووسە، سەرەکەی کە دەکەوێتە لای زەوی نیمچە کەوانەییە. وەك ئەوەی ئێستا یاری جیهانی پێدەکرێ. ئەمە بەکار دەهێنرێ بۆ — غەننە کردن بە تۆپ واتا بۆ یاری پێکردن و هونەری مراوەغە پێکردن. مناڵانیش ئەم پارییە دەکەن بەڵام پتر هی جحێڵ و پیاوان بوو. ~

***~~ناوپردان : پێشتر دێ یەکی دوو سێ ماڵ بووە بەڵام شۆڕشی ئەیلوول دوای ئەوەی کۆنترۆڵی ناوچەی گەلاڵەو حاجی ئۆمەرانی کرد، کردی بە بارەگای مەکتەبی سیاسی پ. د.ك. ~

*~~چینچکە نان : لەتە نان.

چینچکان : جۆرە دانیشتنێکە لەسەر پا، نابێ پاشەڵت بگاتە زەوی، وەك دانیشتنی سەر پێشاو- تاڵات، تارات وایە.
~

**~~بە قینیات : بە رەزیلی، زۆر بە کەمیی. ~

تا بەیانی لەنێو نوێنێکی گەرم لەگەڵ ژنەکانیان لنگ *** یان تێکەڵ دەکەن و ئەوەی کە بیری لێناکەنەوە بەرەی شەڕە ...

من بە تەما بووم بیروبۆچوونەکانی مەلا عوسمان بەدرۆ بخەمەوەو خۆزگام دەخوازت رۆژێ ببینمەوەو بەلاچاویدا دادەمەوە!! کوڕە خۆ گوتە نەستەقەکانی راست دەرچوون دەقاو وەها بوو تومەز ئەوان لە (لامەل فەلای) گەڕابوونەوەو من وا تازە لە (ئەلفم) ...

دەك گۆڕتان پڕ لە نوور بێت مەلا عوسمان و مام رەمەزان بارزانی کەللەی ئەو سەرانەتان چۆن جێی ئەو هەموو شتەی بۆوە؟! بەر لەوەی ببم بە پێشمەرگە هاتوچۆی مام (گیوی موکریانی) م دەکرد یادی بەخێر جارێکیان گوتم: مامۆستا تۆ بەو هەموو روناکبیرییەتەوە بۆ نابیت بە پێشمەرگە. پێکەنی گوتی: کوڕم رۆژێ دادێ خۆت وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆت دەدەیتەوە!!! هەمیشە من و مام رەمەزان بارزانی نەدەگەیشتینە یەکتری پێك نەدەهاتین لەسەر ئەو سەردەمەی کە شۆڕش دەستی لە شتێ گیر ببێ ...

ئەو هەر دەیگوت: ئەوا تۆ بۆ کورد وازت لە خوێندن هێناو دوا رۆژی خۆت فەوتاند بەڵام دڵنیابە نە کورد منەتی پێیە نە لە شۆڕشیشدا رۆڵت دەدەنێ. من دەمگوت: قسەی خەڵەفاوان کارم تێناکات ... دەیگوت: تەمەنم بە بەری نەماوە دەنا حەزم دەکرد لەوێ رۆژێ تیکە چاوێکم لێت بایە!! جا دەمدیت چۆن دەترماندو دەتبۆلاند، کەسیش گوێی لێ راناگرتی.

- ئەوەی گوێم لێ رانەگرێ ئەوانەن کە تا گوێچکەیان لە نێو کورد فرۆشتندا نقووم بوون و منیش کارم بەوانەوە نییە.

- دەوجا هەر دەبێ تۆ چاوت لە دەستی ئەوان بێت!!

- پێم ناڵێی چۆن؟!!

- تۆ ئێستا وا لە شاخی و خودا دەزانێ چەند ساڵی تر وا دەمێنیتەوە، بەڵام تا تۆ دەگەڕێیتەوەو تێکەڵی ئاوەدانی دەبیتەوە، ئەوان نەك تاڵە موویێکیان زیان نەکردووە، بگرە باری گوزەرانیشیان خۆشتر دەبێت و کورشەکانیشیان خوێندن تەواو دەکەن، ژنی پێشمەرگەش هەر دەبێ لە کەلێنە شاخان بزێ و لە ترسی بۆردومان و هێرشی سەربازی هەر

---

*** لنگ : قاچ

ڕۆژەو لە گوندێك و هەر جارەو لە ئەشکەوتێك بقەتێنیٚ بەمەش نە ماڵ دادەنرێت، نە منداڵ پەروەردەو فێرە خوێندن دەکرێت کەواتە تۆ ماڵەکەت پێکهاتووە لە چەند شڕە بز گوریٚ و ئەویش هەمیشە بەسەر پشتی گویٚ درێژەوەیەو بە خۆت و منداڵەکەت دەبنە کەودەری و چۆل پەرست، وەزیفەکانی شاریش پلەو پایەو بڕوانامەی دەویٚ، ئەو مەرجانەشتان تێدا نی یە.

جا پێت خۆش بێت یان نا دەبیٚ ئەوان کارەکان ڕاپەڕێنن، ئەو چینەش هەتا هاوکووف و ئاوقەرانی خۆیان هەبێت!! سەر ئێشە بۆ خۆیان پەیدا ناکەن بە خەڵکانێکی وەك تۆ!! ڕۆڵی تۆ لێرە دەکوژێتەوە ...! تۆ تەنها گازاندەت پیٚ دەمێنیٚ، هەر بڵیٚ شانم وابوو باڵام وابوو نەك هەر کەس کوێت لیٚ ڕاناگرێت، ناشوێری گریٚ کۆلەی دڵی خۆت لای کاربەدەستان بکەیەوە!! چونکە بە پەندت دەبەن ... پێت دەڵێن: خۆ بۆ منت نەکردیە بۆ کوردت کردیە ئێمەش هەمووومان قەرزاری گەل و وڵاتین، هەر چەندی بکەین هێشتا کەمە ... ئەو پەیڕەوو پرۆگرامەی کەوا ئەمڕۆ دەتەوی بەسەر خۆت و خەڵکدا پاچڤەی بکەی ... سبەی پێت دەڵێن: ئەمڕۆ چەرخی گەشە کردن و پێشکەوتنە باوی حەقایەتۆکەی نەماوە!!

- دەمگوت: مەگەر سەرکردایەتی نەمێنیٚ؟

- سەرکردایەتیش دەمێنیٚ بەڵام شیرازەکان تێك دەچن، ئەم چینە!! کە خۆیان سەپاند بنچینەکانی پێشوو هەڵدەتەکێنن، شتەکان لەبار یەکتری دەترازێنن، ئەو دروشمانەش خەڵك خووی پێوە گرتووەو بۆی دەرەنجیٚ ئەوانە لای دەدەن و ریٚ گۆڕی پێدەکەن، شتەکان بەراوەژۆ دەکەن، تەنها قەپێلکی دێڵنەوە بیٚ ناوەڕۆك!!

- ئەگەر دڵسۆزیٚ بەربەرەکانی بکات، دەیان تۆمەتی دەخەنە پاڵ و هەر بەدەستی هەمان ئەو ئاڵایەی کە بە پیرۆزت زانیوە بە فت کردنت دەدەن!!

- من مردی و تۆ زیندی ... تخوا ئەگەر گەیشتییە ئەو ڕۆژە ئەو بیروبۆچوونانەم لە بیر مەکەو لە بیرت بم، ئەگەر وادەرچوو ڕەحمەتم بۆ بنێرە ئەگەریش نا دیارە لەو هەموو تەمەنەم سودێکم وەرنەگرتووەو هەر ئاژەڵی ژیاوم!!

- خودایە تۆ ڕاستی و مام ڕەمەزان بارزانی پەیڕەوی ڕاستگۆیی دەکرد تۆ حەکیمی و مام ڕەمەزان بارزانی کلووری ئەزموون بوو، تۆ پاك و باشی و مام ڕەمەزان بارزانی ئەو

www.kurdistannet.org

مەڵبەندەی کردبوو بە زاگەی کاری رۆژانەو رەفتارەکانی لە بەرژەوەندی خەڵك دا بوو، بۆ گەورەیی و بەزەیی خۆت لە مام رەمەزان بارزانی خۆش بە، ئامین.

*

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

## پێشمەرگەیەکی ونکراو !

* لە رۆژنامەی برایەتی ژمارە **2395** لە رۆژی **1997 -8-16** بڵاوکراوەتەوە.

زستان بوو، گیڤەی با وەك گورگی هار دەیلووران، سەرما دەتگووت لەشکری داگیرکەرە گوندی گەمارۆ دابوو، تاریکیش وەکو جەللاد گلێنەی بینایی دەردێنا، هەینێ نێوان گوندو گوند بۆنی خوێنی لێدەهات، ئاقارەکان چۆڵ وەك ئێستا پڕ لە ئاوەدانی نەبوون، ئەگەر بە بێ ولاش بە نوێژی نیوەڕۆژ بچوویاینە گوندێکی دراوسێ سامت لێ دەنیشت، ئێمەی سەرکەوبنکە لە ژوورێداو لەبەر بەردە سێریش نەدەحەجماین، خۆمان لەناو بەڕان لوول دابوو، هێشتا نەبۆرژابووین، لە پڕ خشپەیەك هات، دڵمان داخورپا، چاومان کردەوە، چوار پەنجەی سپی ئاودیو کرابووە دیوی ژوورەوە خەریکی کردنەوەی شمشێرەکە بوو، دەرگای جاران وابوو هەر دەبا لە دیوی ژوورەوە پشکەکان بترازێنی ئەگینا دەرگا نەدەکرایەوە گەلێ جار وا دەبوو کلیلەکە بزر دەبوو، تاکە چارە ئەوەبوو دەرگاکە لە رێسمە ببەی، ئەو دەرگایەش ئەگەر سیو سیوەکەی بە چاکی لە زەوی بگیرابا ئەوا تا دەکرایەوە شنگی وەبەر پیاو نەدەهێشت.

ئەم چوار پەنجەیەی کە خڕەی لە دەرگاوە هێنا دایکم پێشی باوکم دەستو خەنجەر لنگی دایێ گوتی: کوڕە زەلام کێی!!؟

بەڵام زەلام نە نوقڤەی کردو نە خۆشی لە دەرگا کردنەوە کرد، باوکم لە پشترا قیڕاندی کچێ نەکەی ئەوە پەنجەی بەکرە، بەکر ئامۆزای دایکم بوو بە تەمبەڵ و تەوەزەل ناوی دەرکردبوو، دەیانگوتێ بۆیە دەست و پەنجەت سپییە، چونکە ئیشێ ناکەی. بەکر لە رووی گاڵتەجاڕی زۆر مەفتوق بوو، نوکتەی زۆری بە خەڵکی دێ دەکرد، چرای بەزمی کۆڕو جڤاتان بوو، دایکم شایەتمانێکی بەهەقی هێنا، گوتی: هەی سەر وەهەش چا نەبوو چوار پەنجەم قووت نەکردی، تخوا ئەوەش بووە گەمان؟ بەو درەنگە وەختە کەی چوویتە گەرانێ!! دەستت لابە با دەرگاکەت لێ بکەمەوە ..

ئەم هەموو سەین و بەینەو ئەو کابرایە نەناسراوە هەر دەنگی لێوە نەهات!!

دایکم دەرگاکەی کردەوە، دەتگوت پەقرەجێ ئاوت بە ژوورێ وەرکرد، دەعبایەك وەژوور کەوت بێجگە لەوەی لەم چرکەیەدا نەمانناسی هەر لێشی ترساین نەمانزانی لە چی دەچێ!! کە دەمامکی لادا دایکم هێدمەی گرت، باوکم باوەشی تێوەرینا دایکم وەرگەڕا سینگورکی خۆی بە مستان، دەك لۆت لار بم، باوکم هەر بە پەلە دایرنی و شمەکی خۆی بۆ هێناو دایکم لە هەڵەداوان سۆپەی قشپلی داگیرساند، چەرە دوکەڵ ژوورەکەی قانگدا، منیش بە دەم مووره لێکردنی چراکەم داگیرساند. باوکم کە کابرای گۆڕی جلە تەڕەکانی هاوێشتە نێو

www.kurdistannet.org

تەشتی کۆڕێ، دایکم لنگی دا کەندووی ئاردی و هەر بە چاو قوچانێ هەویری شێلا، هەتا دایکم لە خۆ بۆوە باوکم رۆنی لە مەقلی کردو هاوێشتیە سەر سێ کوچکەو چاپەستی چاشی لە ئاگردان راکرد، چاو ناوسێری پێڕاگەیشتن، لەرزیش لە هەناوی کابرا چووە دەرێ، سەرنجم دایێ چاوە لە مۆلەق راوەستاوەکانی وەگەڕخستن و پەنجە تەزیوەکانی وە جووڵە کەوتنەوە، ئەوجا نۆرەی جاك و چۆنییە، بەڵام لەجیاتی بەخێرهێنانی دایەو بابە تێی بەربوون، یەکێ دەیگووت و ئەویتر دەیگێڕایەوە، سەناگەیان لەسەر هەڵنەدەگرت ....

- شێت بە شێتانی خۆی ئەوە ناکات ..

- کەی ئەوە شەوی رێگەو بانانە؟

- چما هەر لێرە تا بەغدایێ زێرم بۆ رووکەن بەم تۆفانە بە رێگادا دەڕۆم ...

- ئێ باشە خۆ راو نەنرابووی، خۆ لە ماڵ دەرنەکرابووی ... ها؟!!

- بەخوا ئەوی تاجی زێریشی لەسەر نێن وەکی تۆ ناکا ...

ئەوەی بەسەر زاریان داهات نەیانگێڕایەوە دکرێکیان پێکرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ، کەچی ئەویش هەر سمێڵە خینجەکەی دەهاتێ و بەس ... هەتا ئەوان کفتایی دڵی خۆیان دارشت ئەویش تێری خوارد، پاشان کەلێنێکی وەرگرت گوتی: ئەرێ پێم ناڵێن ئەوە چ بەکر بەکرتان بوو!! من دەمەویست چرکەیەك زووتر بگەمە ژوورێ ئێوەش واتان دەزانی گاڵتەتان لەگەڵدا دەکەم.

- بێ دەنگیت و پەنجەکانت هەر لە سوخەتی ئەو دەچوون، ئێمە چوزانین تۆ خوا یەغباری بردووی، لەو رێگا دوورەو لەو رەهێڵە پەرەیەو بەو شەوە درەنگە دێی بۆ ئێرە هەی ماڵ وێران ...

- ئەوە خەباتە خەبات، ئەوەی بە تەمای خەبات بێ دەبێ لەمەش خراپتر بێنێتە بەرچاوی خۆی دەنا کوردایەتیت پێناکرێ ...

دایکم : باشە ئەوانی دیش وەك تۆ دەکەن؟

- بەڵێ، بەڵام هەریەکەو بەکاری خۆی.

دایکم: ئەمن هێشتا نازانم کاری تۆ چییە!

- جەلەب کرم!!

دایکم: ئای لەو درۆیە!

- به پێکەنینەوە، ڕاستە درۆیە، بەڵام ئەگەر یەکێ منی بینی و پرسی بڵێن جەلەب دەکرێ، هەتا نە من ئاشکرا بم و نە ئێوەش بە هۆی منەوە گرفتار بن ...

دایکم: ئەیەڕۆ ... بڵێ ئەو لەبەر هەندێ کە دێی فسکە فسك لەگەڵ ( ........) دەکەی!

- ئا ... ئا ئینجا سەرم لەبەر سەری مەنێ ..

ئەوەندەم حەز لەو مشت و مڕە بوو خەو لە چاوم باری کرد ( .......) یش دغدغەی دەداو منیش بن مەلاشوم دەخورا بۆ قسان، دایکم لێی ڕاخوری، ئەو پێت دەڵێم چاك دەزانی ئەو تاقانەیەم هەیەو هێشتا منداڵە نەکەی لە بن گوێی بخوێنی ... ها پێت دەڵێم ..

- با چاوی بکرێتەوە ..

دایکم: ئێستا تێگەیشتم لۆ ئەوێ ڕۆژێ وەخت بوو بە فەتارەتمان ببات ئەگەر لەبەر تاقانەیی نەبایە جارێکی تر نانی کەڵ نەدەکرد!!

- خۆ قاتی ئیشێکی قۆڕی نەکردووە!

- جا ئیش لەوە قۆڕتر دەبێ چی بێ!

- چی کردیە؟

- چەپڵەی لێداوە!

- جا ئەوە چیە، چەپڵە لەزۆر گوندان لێدەدرێ ..

- ئاخر لە گوندەکەی ئێمە کەس لێی نادا!

- ئەدی چۆن فێر بوو؟

- بەناخێری گیانمان ئەو ساڵ ناردمانە مەکتەبێ لەوێ فێریان کرد.

- کێ لەوێ فێرتان دەکات؟

- مامۆستا ..

- چیتان فێر دەکات؟

- براژن ئەم کوڕەی تۆ جێی چاوانی تێدایە مەیشکێنەوە .

- ئەو بەزمە خۆشە تخوا بزانە بەو قسانە ماڵم کاول ناکەی ..

- تۆ بۆ وانەتەت بەرداوە مەگەر نازانی چەکوچی چاك هەر لە کوورەی کاوە دەردەچێ!

- بە خوا برا ئەوەت لێ ناکرم نامەوێ کوڕەکەم بە دەردی تۆ بچێ دایکم ڕاستی کرد ئەم پاڵەوانە بە چەند مانگێ جارێ منداڵەکانی خۆی دەدی ئەویش لە تێری نا!!

www.kurdistannet.org

پیشەی سوورانەوە بوو بە گوندەکانا، ئەو ناوچەیەی کە بەو سپێردرابوو هەموو کادێرێ پێی کۆنترۆڵ نەدەکرا، جگە لە پان و پۆڕی ناوچەیەکی پڕ لە گێروگرفت و ململانێ و زۆران بازیی چینایەتی و نەتەوایەتی بوو ...! بە رۆژ مەکرووف بوو ئەوەی سووکە بۆنێکی پێشمەرگایەتی لێ بێ خۆی وەدەرخا نەخاسمە کادیریش، لە هەر گەشتێکیا دەبایە گیانی لەسەر لەپی دانێ، نەیدەزانی کەی لێی دەقەومێ، لەکوێ قەلار دەکرێتەوە، یان کێ خەڵاتی پێ وەردەگرێ، تەنها ئەوەی دەزانی نابێ وچان بدا، ئەوەندە بە دڵسۆزی کارەکانی ئەنجام دەدا دەتگوت رەوێ هەتیوی لە ملە، گەلێ جار تێی دەکردمەوە بە دزی دایکم دەیگوت: ئێمە دەیچێنین ئێوە دەیدوورنەوەو بەرەکەی دەخۆن، ئێمە خۆمان بەخت دەکەین بۆ ئێوە، نەکەن مەیدان چۆڵ کەن، لێ نەگەڕێن ئەوانەی لە ناوەندان دەخۆن و لە رۆخان پاڵ دەدەنەوە شوێنتان بگرنەوە، نابێ هیچ هێزێ ساردتان کاتەوە لە خەبات.

ئێمە ئێستا دوژمنمان زۆرە، چونکە سەرەتایە، بەڵام کە نۆرە دەگاتە ئێوە دۆستتان زۆر دەبێ، هەینێ هونەری رێکخستن بپارێزن لە کاسە لێس و مشەخۆران لەوانەی دەیانەوێ لە پرێ بکرێن بە کوڕێ! نەکەن خۆیان بۆ شل کەن، هەر دەرفەت وەرگرن جێتان پێ لەق دەکەن، پەند لە شۆڕشەکان وەرگرن!! دەق وا دەرچوو، پاڵەوان لە هەر سەرینی خۆی بەو چاوانەی کەللەی سەری ئەوەی لێی دەترسا دیتی! ئەو رێکخستنە پتەوەی ئەوو هەڤاڵانی دایان رشت، خۆیان بۆ بەختکرد پێشمەرگەیان پێ مێشك ئاو دەدا، بە فیڕۆ چوو! رێك و پێکی وەرچەرخێنرا، ئەوانەی دوێنێ لەنێو یەك سەنگەردا پێکەوە تەقەیان لە داگیرکەر دەکرد، ئەمڕۆ بە فیتەیەك! لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سینگی یەکتر دەکرد، دوێنێ تەبا بوون، ئەمڕۆ کرانە دوژمنی یەکتر!! پشت لە دوژمن کراو وەرگەڕانە یەکتری، لە هەر کوێ توشی یەکتر بان بەبێ دەنگدان دەسرێژیان لێکتر دەکرد!! هەزار مخابن پاڵەوان یەکێ لەو قوربانیانە بوو، ئێستاش کەس نازانێ چی بەسەر هات، کرایە گرێی سەر دڵی ژن و منداڵەکانی، ئەو ژنە نامرادەی کەزی رەشی سپی کردن، هێندەی چنگێکی لێ ماوەتەوەو هەر گوێ قوڵاغە هەر بە تەمایە هێکڕا پاڵەوان لێ میوان بێتەوە!! بەڵام ئاخ لە چەنگ دەردی خۆخۆریەتی!!

*

**هێشتا ماویەتی**

*

<u>**تێبینی:**</u>

**** ئەم چیرۆکە زیندە خەونە چونکە دەیان راستی لەم جۆرە قەوماوە سەربردەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی ئەیلول، پاڵەوانی ئەم داستانە مەحموود سەلمان دیبەگەیی یە.***

***** مەنەلۆژەکەم بە ئانقەست بڕی دەنا زۆر شتی شاراوەی تێدایە!!***

****** خوێنەری بەڕێز : ئەگەر بە جوانی دیقەت بدەیتە ئەم ( بەرکوڵە ) دەبینی وێنەکان زۆر بەتیژیی و بە کورتترین رستە گوزارشت دەکات، ئەگەر نا، وەك چاوی کامیرا دنەی هەموو کونج و کەلەبەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی – داوە، پەندیش لەوەدایە کە لە کەمترین گۆتە گەورەترین سێرە بپێکی.***

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org